# تێکۆشان



ئـۆرگانی کـومیتــەی ناوەنـدی سازمـانـی خـەبـاتی کوردستـانـی ئێـران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژێمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: ٣٢٥   سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ڕەزبەری هەزار و سێسـەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبـەر بە ٢٠ی ئۆکتۆبری دوو هـەزار و بیست ی زایینـی

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا و ڕوانگەی دروست.

نووسینی: سیامەند



لە چەند ڕۆژی داهاتودا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا بەڕێوە دەچێ، کە تیایدا چەندین کەس خۆیان بۆ وەرگرتنی سەرۆک کۆماری ئەو وولاتە پاڵاوتووە، بەڵام لە کۆی پاڵێوراوان، دۆناڵد ترامپ کاندیدی حیزبی کۆماریخوازەکان و جۆ بایدن پاڵێوراوی حیزبی دیموکڕات دیارترین و بەرچاوترین پاڵێوراوی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری ئەمریکا.

ئاشکرایە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکاو ئاکامی هەڵبژاردنەکان، نە تەنیا کاریگەری لە سەر ئەمریکا هەیە، بەڵکو کاریگەری بە سەر کۆی پرۆسەی سیاسی،ئابوری و سەربازی لە جیهان بە تێکڕا دا هەیە، چونکە ئەمریکا گەورەترین وولاتی خاوەن هێزی ئابووری و سەربازیەو لە زۆربەی کێشە جیهانیەکاندا چ بە لایەنی ئەرێنی و چ بە پێچەوانەوە دەوری بەرچاوی هەیە. بەو تایبەتمەندیە ناوخۆیی ئەمریکا و کاریگەری بە سەر ئابوری و هەلومەرجی سیاسی جیهان، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا،دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر لایەنێکی سیاسی و هەر تاکێکی کۆمەڵگا،بە گرینگیەوە چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بکاو ڕاو بۆچونی لە سەر پرۆسەکەو ئاکامەکەی دەربڕێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران وەک تەشکیلاتی نەتەوەیی و نیشتمانی خاوەن پێگەیە لە جولانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، پێی وایە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا کارێکی ناوخۆیی ئەو وولاتەیەو، لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کاری خەڵکی ئەمریکایە، بەڵام ڕوانگەی سازمانی خەبات، ئەوەیە کە هەر کام لەو دوو پاڵێوراوە سەرکەوتوو بێ، پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕاستیە بکات کە ڕژێمی ئاخوندی ئێران، سەرچاوەی ترۆریزمی نێودەوڵەتی و گەورەترین پێشێلکاری مافەکانی مرۆف و سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر هێمنایەتی جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە،هەروەها ڕژێمی ئاخوندی ئێران دژمنی خەڵکی کوردو تێکڕای نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانەو ئەو ڕژێمە لە هەوڵی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمە کە مەبەستی لە بە دەستهێنانی بۆمبی ئەتۆم، سازکردنی جەنگ و بشێوی لە ناوچەکەداو پەرەپێدانی ناردنە دەرەوەی ئینقلابی خومەینی یە. ئەگەر حکومەتی ئەمریکاو هەر حکومەت و دەسەڵاتی دیکە لە جیهاندا ڕەچاوی ئەو ڕاستیانە نەکات کە ڕژێمی ئاخوندی تا چەند مەترسیە بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆفایەتی، بێگومان زیان بە ڕەوتی بە دیموکراسی جیهان و هێمنایەتی جیهان دەگەیێنێ .

سازمانی خەبات تەشکیلاتی خاوەن هەڵوێست و کاری سەر بەخۆیەو لە ڕەوتی کاری سیاسی خۆیدا،ئەرکی شۆڕش و موبارەزە لە پێناو ئازادی خەڵک و نیشماندا، بەگۆڕانکاری سیاسیەکان وجۆری حکومەت و دەسەڵاتەکان لە جیهان نابەستێتەوەو هەروەک چۆن لە ڕۆژانی سەرەتای پێکهاتنی و تا ئەمرۆ بە شێوەی سەربەخۆ کاری کردوە و تێکۆشاوە، بێگومان لە داهاتوشدا هەر بەو شێوە دەمێنێتەوە.سازمانی خەبات جیاواز لە چالاکی و تێکۆشانی سەربەخۆ، پێی وایە دەبێ کەڵک لە هەموو هەڵەکان و فورسەتەکان و گۆڕانکاریە سیاسیە جیهانیەکان بە قازانجی جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان و ئێران وەربگیرێ و کەڵک لە هەر هەلێک بە قازانجی جەماوەری کوردستان و ئێران وەرگرێ و هەر لەو چوارچێوەشدا بە گرینگیەوە چاودێری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکادا دەکات و هومێدوارە هەر یەک لەو دوو پاڵێوراوە ئەگەر سەرکەوتوو بوو، لە حاست سەرەڕۆییەکانی ڕژێمی ئاخوندی هەڵوێستی لێبڕاوانەی هەبێ وچاوپۆشی لە سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ئاخوندەکانەوە نەکا.

تا ستەمم لە سەرە      ڕێی خەباتم لەبەرە


هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا و ڕوانگەی دروست. {1}


پانزەی ئۆکتوبر ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی دێهات نشینە.{3}


یادی سەروەران.{4.5}


سازمانی خەبات و تێکۆشانی سەردەمیانە.{5}



دەورەیەکی دیکەی فێرگەی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبات کۆتایی پێهات.{6}


یادی پیری سەنگەر حاجی برایم فیروزی.{7}


ئەندامێکی لاو ، سەرکردەیەکی شیاوا {7}


توندووتیژی وشەیەکی نادیار لە دڵی جینایەت دا!! {8}

## مۆرگان ئۆرتگاس: هیچکات ناگەڕێینەوە بۆ ڕێکەوتنی ناوکەیی ئێران!



وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وتی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچکات ناگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی ناوکەیی ڕژیم" بەرجام" و پێداگری کردەوە کە ئامریکا خوازیاری وتووێژە بۆ ڕێکەوتنێکی نوێتر و باشترە. مۆرگان ئۆرتگاس، ووتوبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە وتووێژێک دا لەگەڵ ڕادیۆ فاکس نیوز وتی: ڕێکەوتنی ناوکەیی پێشوو لەگەڵ ئێران ڕێگەی بەم وڵاتە ئەدا کە دەستی بە چەکی ناوکەیی بگات بەڵام کەمێک درەنگتر. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم ڕێکەوتنە تەنیا کاتی دەسپێڕاگەیشتنی ڕژیمی بە چەکی ناوکەیی دوورو درێژتر کردووە و ئەو ئەرکەش دەکەوتە ئەستۆی دەوڵەتەکانی داهاتوو.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەئاماژە بەوەی کە بەرجام ملیارها دۆلاری خستۆتە دەستی ڕژیمی ئێران، هەروەها وتی: گەورەترین کێشەی ڕێکەوتنی ناوکەیی، شێوازی خەرج کردنی ئەو پارەیەیە لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە. هەروەها وتی، ئەگەر ئەم پارەیە بۆ تێچوی درووست کردنی خوێندنگا و ڕێگە وبان و پێکهێنانی شوێنی دەرمان،بەکار بهێنرابایە، کێشە نەبوو، بەڵام ئەوان پارەکە بۆ گرووپە تیرۆریستیەکان بەکار دێنن، ئەو گرووپانە کە هێرش دەکەن سەر عەرەبستانی سعوودی و قازانجەکانی ئێمە، ئێمە بە گەورەترین پشتیوانی ترۆریسم پارەمان داوە تا ترۆریزمی زیاتر پەروەردە و دابین بکات.

## شیرکەتی ئامریکایی "برکشایەر" بە هۆی پێشێلکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، سزا درا.



وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا رایگەیاند: شیرکەتی برکشایەر هاتاوی، کە سەر بە میلیاردەری ئامریکایی وارن بافە، ڕێکەوتووە کە یەکێک لە بەشەکانی لە تورکیە بە هۆی پێشێلکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران،بڕی چوار ملیۆن و ١٤٠هەزار دۆلار بداتە وڵاتە یەکگرتووەکان.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، شیرکەتی ئیسکاری تورکیە لە مەودای نێوان ساڵەکانی ٢٠١٢تا ٢٠١٦، وێڕای ئەوەی دەیزانی بەرهەمەکانی دیسان دەگاتە دەستی رژیمی ئێران، بەڵام ١٤٤باری ئامرازی بڕین و پێداویستی تایبەت بەو بەشە بە دوو دابەشکەر لە تورکیە فرۆشتووە. وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا وتی: شیرکەتی ئیسکاری تورکیە سەرەڕای هۆشیاریەکانی پێشوو، دانوستانی خۆی لەگەڵ ئێران لە برکشایەر شاردۆتەوە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە شیرکەتی برکشایەر پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ لەپێوەند بەو کردەوەیەی ئیسکار ئاگادار کرایەوە، بابەتەکەی بەشێوەی خۆبەخش بە وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا ڕاگەیاند. هەروەها ئەم شیرکەتە کارمەندە خەتابارەکانی دەردەکات و ڕەوتی پەیڕەوی کردن لە یاساکان بۆ بەشە دەرەکیەکانی خۆی، پێداچونەوەی بۆدەکات.

## وەزیری بەرگری ئەمریکا: وڵاتانی ناوچەکە بۆیان دەرکەوتووە کە ئێران گەورەترین هەڕەشەیە.



مارک ئیسپەر، وەزیری بەرگری ئەمریکا وتی: وڵاتانی ناوچەکە زانیویانە کە گەورەترین هەڕەشە لە دژی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە کردەوە ئاژاوەگێڕیەکانی ڕژیمی ئێرانە. ئیسپەر، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 29ی ڕەزبەر، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاتلانتیک وتی: ئێمە بەو ڕاستیە گەیشتوین کە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن کە گەورەترین نیگەرانی ئێمە و ئەوان کردەوە ئاژاوەگێریەکانی ڕژیمی ئێرانە لەماوەی ئەم چوار دەیەیەدا کە لە ئەفریقاوە تا ئەفغانستان پەرەی سەندووە، ئێمە هەڕەشەی هاوبەش دەناسین و پێکەوە لەدژی دەوێستینەوە. وەزیری بەرگری ئەمریکا بە ئاماژە بەوەی کە چین و ڕوسیە گەورەترین نەیاری ئەمریکان لە بواری نێونەتەوەیی دا، وتی: لە هەمانکاتدا هەڕەشەی وڵاتانی یاخی وەکوو رژیمی ئێران و کورەی باکوور، بەردەوامە و لە ساڵانی داهاتوو دا ڕێکخراوە توندڕەوەکان درێژە بە کردەوە توندڕەوەکانیان ئەدەن.

## هەڕەشەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی بازرگانی چەک و تەقەمەنی لەگەڵ ڕژیمی ئێران.



مایک پەمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی گەمارۆی سەر چەک و تەقەمەنی ڕژیمی ئێران، لەتویتێکدا ئاماژەی بەوەش کردووە: هەرنەتەوەییەک کە خوازیاری سەقامگیری لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، نابێ لەگەڵ ڕژیمی ئێران بازرگانی چەک و تەقەمەنی بکات و هەر چەکێک کە ئەم ڕژیمە بیکڕێ ، دەکەوێتە بەردەستی گروپە تیرۆریستیەکان. پەمپێئۆ لەدرێژەدا وتی: ئێمە ئامادەین لە دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆمان بۆ گەمارۆیی دامەزراوەکان و کەسایەتیەکان کە لەم کڕین وفرۆشتنە هاوبەشن، کەڵک وەربگرین. ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر عەلی خامنەیی، لە تویتێکدا ڕایگەیاندبو کە ئەگەر ڕژیمی ئێران بیهەوێ چەکی ناوکەیی بەرهەم بێنێ، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ ڕێگری لێکات. شەڕی نێوان مایک پەمپێئۆ و عەلی خامنەیی لە توییتر دا درێژەی هەبووە. شایانی باسە ڕژیمی ئێران ڕایگەیاندووە کە ماوەی گەمارۆیی کڕین و فرۆشتنی چەکی کۆتایی پێهاتووە، بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا بە پێی ئەو دەسەڵاتە کە هەیەتی، میکانیزمی ماشەی چالاک کردۆتەوە و باس لە گەمارۆی زیاتری ڕژیمی ئێران دەکات.

## نیگەرانی زانایان لەچالاک بونەوەی کۆکراوەی گازی متان لەنزیکی قوتبی باکوور.



لەنوێترین دۆزینەوەکان لە لایەن زانایان، باس لەوە دەکات کە کۆکراوەی گازی گوڵخانەیی متان کە لەم ماوە لە قەراغ ئاوی ڕۆژئاوای سیبری دۆزراوەتەوە، وردە وردە چالاک و بڵاو دەبێتەوە. ڕۆژنامەی بریتانیایی گاردیەن ڕۆژی سێشەممە 6ی خەزەڵەوەر، لە ڕاپۆرتێکدا نووسی: زانایان بە تازەیی ئەوەیان بۆ دەرکەوتوەو بەدەستیان هێناوە کە گازی متانی بەستوو لە ناو سەهۆلیان لە ئۆقیانوسی بەستوی باکوور دۆزیوەتە. لێکۆڵەران دەڵێن: کۆکراوەی متانی سەهۆڵی لە قوتبی باکور وەکوو (دێوەزمە خەوتووەکانی چاخی کاربۆن)بەراورد دەکەن. متان دوای دی ئۆکسیدی کاربۆن، بە خراپترین گازی گوڵخانەیی دەناسرێ کە ڕێژەی لە هەوای زەوی دا زۆر بۆتەوەو ئەمەش جێگەی نیگەرانیە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێژەیێکی زۆر لەم گازە لە قوڵایی 350مەتری لە زەریای لاپتف" لەنزیکی ڕوسیە دۆزراوەتەوە، لێکۆڵەران لەوە نیگەرانن کە لەوانەیە گۆڕانکارییە نوێیەکانی کەش و هەوا ببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی متانی بەستوو لە ناو سەهۆڵداو، گەرم داهاتنی زەوی خێراتر بکاتەوە. ڕاپۆرتەکانی کەش و هەوا پیشان دەدەن کەمام ناوەندی پلەی هەوای سیبری لە مەودای مانگی ژانویە تاژوئەن، پێنج پلە زیاتر لە ئاستی ئاسایی ساڵانی پێشووە،و زانایان هۆکارەکەی بە بڵاوبوونەوەی گازی دی ئۆکسیدی کاربۆن و متان دەزانن و مرۆڤەکان بە هۆکاری ئەم کارەساتە دەزانن.

## ئامریکا دەڵێ: ئەگەر عێراق هاوکاری ڕژیمی ئاخوندی بکات، سزای بەسەردا دەسەپێنین.



دەزگای ستراتفۆردی ئامریکایی بڵاوی کردەوە: ئەگەری هەیە ئامریکا سزا بەسەر عێراقدا بسەپێنێت ئەگەر بانکی ناوەندی عێراق پارە بلۆککراوەکانی تاران بداتەوە. بەپێی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران، ڕژیم دەتوانێ کاڵا و دەرمان لە عێراق بکڕێت، ئەویش بەو قەرزەی لەسەر عێراقە، قەرزەکە پارەی هەناردەی وزەی ئێرانە و بەهۆی سزاکانی ئامریکا بلۆک کراوە.ئاوا تودەی: ئامریکا هەوڵی ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەدات، ئەویش لەڕێگەی سزا بەسەر عێراقدا!کۆی گشتی ئەو پارەیەی ئێران کە لەسەر عێراقە، بە گریمانەیی دەگاتە چەند ملیار دۆلارێک.

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {325} ساڵی سی و شەشەم . 30 ڕەزبەری1399 ی کۆچی خۆری .20ئۆکتۆبری2020 ی زایینی

# پـــانزەی ئۆکتـــوبر ڕۆژی جیهـــانی ئافرەتـانی دێهات نشینە.

ئامادەکردنی زێنەب حوسەینی



هەر دیاردە و حاڵەتێک کە ڕوداوێکی گرینگ، یان دژبەری و سەرکەوتن یان بە گـژدا چـوونەوە و هاوکـات مێـژوو یـان لایەنێکی دیاری کۆمەڵ و ژیان بەگشتی بێت، لە لایەن مرۆڤـایەتی و ڕێکخراوی نێونەتەوەی گرینگی پێدراوە و ڕۆژێک بۆ ئەم بـۆنە و یـادانە دیـاری کـراوە. لە درێژە و ڕەوتی ناوزەدەکان ،کۆمەڵەی گشـتی نەتەوە یەکگرتوەکـان لە سـاڵی ٢٠٠٧ بڕیـاری دا کە، ڕۆژی ١٥ی ئۆکتـوبر دیاری بکرێ بە ڕۆژی جیهـانی ئافرەتـانی لادێـی.بەهـۆی ڕۆڵ و نەخشیان لە بەرەو پێشـــبردنی گەشـــەی کشـــتوکاڵی و بەرزکـردنەوەی دڵنیـایی خـۆراکی و کەم بـونەوەی هەژاری ئەم چیـنە جـێگە و پێگەیـان بەرزە و دیـارترینن، هەربـۆیە گرنگـی پێـدراوە.بە پێـی پـێگە ئەلکترۆنیەکـانی نەتەوەیە یەکگرتوەکـان کە بـۆ پێڕاگەیشـتن و وشـیارکردنەوەی ئافرەتـان دیاری کراوەو مامۆستاو کەسانی شارەزا بە وتنەوەی وانە لەو بارانەوە لە ئەرکدان دەڵـێن، ئافرەتـانی دانیشـتووی گوند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین لە بەردەوام مـانەوەو گەشـەی کـۆمەڵگەی گوندنشـین، بە تـایبەت کە زۆرینـەی ئەو ئافرەتـانە بەشدارن لە بەرهەم هێنـانی کشتوکاڵ و داهێنـــانی بەردەوام، بەبـــێ پـــوڵ و پاداشـــتێکی مـــادی. ئامـــارە نێـــو نەتەوەیەکـــان بـــاس لەوە دەکەن کە لە هەر سـێ ئـافرەت، یەک دانەیـان کـار دەکـات.ئافرەتـانی دێهـات نشـین، یەک لەسـەر چـواری کـۆی گشـتی ئافرەتـان لەسەر ئاستی جیهان پێک دەهێنن.

کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەی داکۆکیکـار لە ئافرەتـانی دێهـات نشـین، پشـتیوانی لەو ئافرەتـــانە دەکـــات کە ڕۆڵـــی کـــاراو بەڕێـــوەبەری دەبیـــنن و بەشـــداریان پێدەکات لە داڕشتنی یاسایی ستراتیژی و سیاسـەت و بەرنـامەی پەیوەندیـدار بە هەمـوو لایەنەکـان کە کـاریگەری هەیە لەســـەر چـــۆنیەتی ژیـــان وبەرەو پێشبردنیان.

ڕاستایەدا ڕاهێنـان و بارهێنانیـان پـێ دەکـات و لەسـەر چۆنیەتی بەکارهێنـانی تێکنلـــۆژی، کە بگـــونجێ لەگەڵ پێویســـتیەکانیان درێـــژە دەدات.بە پێشکەش کردنی بەرنـامەیەکی دروست و پێویست، بۆ گفتوگۆکردن و دان پێدانان، کە ئافرەتـانی گونـدی ڕۆڵێکـی کـارا و گرنگ و سەرەکیان هەیە لەسەر ژینگەی زەوی و کـارکردن تێیـدا، گەلاڵەیەکـی تـــۆکمە و گرینـــگ لە ئـــارادایە و بە ئامانجی پێشەوەچوون ڕێگەی باشتر بوون دەبڕن.لێرە پێویستە ئامـاژە بەوە بکەم کە ئافرەتـانی گونـد نشین بە شێوەیەکی گشتی چەنـدین خـاڵی هاوبەشیان هەیە لە شـــێوەی چـــۆنیەتی ژیانیـــان و مافەکانیـــان کە ئەویـــش بـــریتین لە:

١- ئافرەتـــانی گونـــد نشـــین کە کـــاری کشـــتوکاڵ و مەڕداری و هەر کـــارێکی دیکە، کە پەیوەندی بە ڕەو ڕەوەی بردنە پێشی ئـابوری خێزانیە، بەبـێ دەستمایە و وەرگرتنی کرێ کاردەکەن و ژیـان بەڕێ دەکەن، چـونکە وا چـاو لە ئەرکەیـان دەکرێ کە ئەوە بەشێکە لە کـاری مـاڵ و خێـــــزان.

٢- ئافرەتـــانی گوندنشـــین لە مـــافی خوێنـــدن و ئاشـــنابون بە ڕەوتـــی پێشـــکەوتنی جیهـــانی بـــێ بەشـــن.

٣- بەجێهێشتنی ماڵ و دورکەوتـنەوە لەو ژینگە، بەردەوام بۆ پیاوان بـووەو ئەوەی کە مـاوەتەوە و ئەرکـی خێزانـی لەسـەر کەڵەکە بـــوو چینـــی ئـــافرەتە.

٤- بێ بەشی ئافرەتـان لە پێڕاگەیشتنی تەندروتی و دەرمان.

ئەم چەنـد خـاڵە، هاوبەشە لە هەمـوو جیهـان بـۆ ئافرەتـانی گوندنشـین لە ئارادایە و بە پێی ڕێژە بوونی هەیە جا لەوانەیە لە شوێنێک بۆ جێگەێکی دیکە جیاواز بێت.سروشتیە و دەکرێ بە پێی پێگەی جوغرافیایی، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بێ، لە ئاسیاو ئەفریقـاو جنـوبی بیابـانی گەورە ڕێـژەی ٨٠ لە سـەدی داهـاتی بەروبـومی ئەو نـاوچە ئافرەتـان بەرهەمـی دەهێنن.لە مێژووی ئێران دا، بە تایبەت دەسەڵاتی ئاخوندان، بۆنە جیهانیەکـان کە لە سود و بەرژەوەنـدی پۆلێـک دەسـەڵاتداری حاکمدا بێت، دان پێدانراوەو لە میدیاو ڕاگەیانـدنەکان بـۆ خـۆ هەڵنـان و چاوبەسـت کـاری پـێ دەکەن، بەڵام بە شـێوەی هەمیشـەیی خۆیـان لە مـافی ئافرەت و بۆنەکان کە تایبەت بێ بەم

چیـــنە خۆیـــان بـــواردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهۆی گرانی باری ئابوری و سـەختی ژیـان لە ئێـران بە گشـتی، ئەرکـی ئافرەتـــان و بەرپرســـیارەتیان چەنـد بەرابەر بـۆتەوە و کەس نـاتوانێ نکـۆڵی لێبکـات. یـادکردنەوە و دیـاری کردنی ڕۆژێک بۆ ئافرەتانی گوند نشین، لە قۆناغێکـــدایە کە نەهامەتیەکـــانی ئافرەتـان لە گوندەکانی ئێران بە گشتی و کوردســـتان بە تـــایبەتی، لە ڕوی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و ڕۆشـنبیری و بەشـداری لەبڕیـار و بەڕێـوەبەری تـا سـادەترین شـێوەی هەڵـس و کەوت لە ژین، لەو پەڕی نەهامەتیدان، بە دوورن لە هەر سیستمێکی پێشکەوتوو بـۆ کاری کشتوکاڵی و دەستەکەوت و داهـات و لە بواری تەندروستی و زۆر شتی دیکەشەوە بـــــــــێ بەشـــــــــن.


ئافرەتـــان لە گونـــدەکانی کوردســـتان بەردەوام بەهـۆی فشار و کلتوری سواوی کـــۆمەڵایەتی، ڕەنـــج بە خەســـارن، دەرەتێنــــرێن و بەرهەمیـــان، زۆر و پاداشیان کەم و بێبایەخە.

پەروەردەو بەڕێـــوەبەری خێـــزان و پێڕاگەیشتن بە میوان، وێڕای ئەوانەش بەشـــــداری کردنـــــی لە کـــێڵگە کشـــتوکاڵیەکان، بـــۆ هاوکـــاری و دابینکردنی بژێوی ژیان، ئەرکی ئـافرەتی گوند نشینی بە شێوەیەک گران کردوە کە لەگـوتن نـایەت.سـەرەتای ژیـانی هەر کیژۆڵەیەک لە گوندەکان بە شوانی قەل و مریشـک دەسـت پێـدەکات و ئەرکـی پاراسـتنی منـداڵی بچـوکتر لە خـۆی وە ئەستۆیە و بە دەسماڵی کۆنی دایکی لە کۆڵی دەنێن، ئەوە سەرەتا و دەسپێکی کار و ئەرکی ئەم چینەیە و دەبێ لەگەڵ ئەم شێوە ژیانە بەردەوام بێ وقۆنـاخ بە قوناخ و لەگەڵ گەورە بوونیدا ئەرکیشی زیـــاتر دەبـــێ. لە مـــاوەی ژیـــانی هەر ئـــافرەتێکی گونـــد نشـــین فێربـــونی نـــان کـــــردن قـــــاوڵتی ئامـــــادەکردن و پـــاککردنەوەی ئـــاخورو تەویـــلەو مەشـــکە ژانـــدن و.....هتـــد، دەبێـــتە بەشـــێکی ئاسایی لە تەمەنیدا و دوای تەواوکردنی هەموو ئەو کـارانە، شـۆڕ دەبێتەوە بەرەو مەزرا، بـــۆ دەســـکەنەو دروێـــنەو کـــاری کشتوکاڵی بە گشتی. لە کوردستان و لە گونـــدەکان بە تـــایبەت ڕێـــژەی نەخوێنـــدەواری یـــان تەواو نەکردنـــی خوێنـــدن لە نـــاو کچانـــدا، بەرزە، کە هۆکارەکەش دابین نەکردنی پێداویستیە سـەرەتاییەکانی پەروەردەو پێگەیانـدنی وەک پێویسـت نـیە. لە هەمـان کاتـدا بەهۆی ئەو بیرە خێڵەکیەی کە پێی وایە مێینە پێویستی بە خوێنـدن نـیە، ئەو ڕێژە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو هەیە.

هەروەک چۆن باسم لەوەکرد کە ئافرەتان بەهـۆی نەبـونی حەقدەسـتی کـار و ئەو تێڕوانینە کە ئەوە ئەرکەو بەبەشێک لە کاری ماڵەوە دادەنرێ، هیچ کات نەیان توانیـــوە تواناکـــانی خۆیـــان و ڕۆڵ و نەخشیان لە بـازاڕی ئـابوری بنـوێنن و سـەربەخۆیی ئـابوری، کە بەری ڕەنجـی خۆیـــــانە بەدەســـــت بێـــــنن.

بەگشـتی ئافرەتـان لە گونـدەکان ڕۆڵـی بەرجەسـتە دەبیـــنن لە بەرهەمێنـــانی بەروبـــومی خۆمـــاڵی و گەشەســـەندنی ئـــابوری نـــاوچەو وەڵات بە بـــێ پشـــتیوانیەک کە شـــایانیان بێـــت.

ئافرەتـــانی گوندنشـــینی کوردســـتان لە زەردەی بەیـــان تـــا خـــۆر ئـــاوا بـــون بێڕاوەســـتان، کـــاردەکەن، بێگومـــان ئەم ئەرک و مـــافەش کە بنێشـــتە خۆشـــەیە وچینی بەرانبەر لەبەرانبەر هەر کاریکدا باسـی لێـوەدەکەن، دەبـێ بـۆ چینـی ئـافرەتیش بەڕەوا بزانـدرێ و هەمـووان بێـنە سـەر ئەو بـاوەڕەی کە کـۆڵەکە و ڕاگـری ژیـان دەبـێ لە مـاف و ئەرکـدا بەکسان بن و هیچ چینێک چەوساوەترو ماندووتر نەبێت.



# سندوقی نێـونەتەوەیی پـوڵ، ئـابوری ئێـران لە ساڵی ٢٠٢٠ پێنج لەسەد چکۆلەتر دەبێتەوە!



سندوقی نێونەتەوەیی پوڵ لە نوێترین ڕاپـۆرتی دا نوسیویەتی: لە سـاڵی ٢٠٢٠ئـابوری ئێـران پێـنج لە سەد چکۆلەتر دەبێت و نرخی بێکاری دەگاتە ١٢/٢لە سەد، لەو ڕاپۆرتە دا نرخی بێکاری لە سـاڵی ٢٠٢١ لە ئێـــران ١٢/٤لەســـەد و گەشـــەی ئـــابوری ٢/٣ لە ســـەد پێشـــبینی کـــراوە.. ئەو سندوقە لە بارەی دۆخی ئابوری جیهان لە ساڵی ٢٠٢٠ وتـی، ئـابوری جیهـانی ٤/٤ لە سەد دابەزیـوە کە کەمتـرە لەو ڕادەیەی کە پێشـبینی کرابـوو.بەپێـی ڕاپـۆرتی سـندوقی نێـونەتەوەیی پـوڵ، ڕەوتـی گەشەسەندنی وڵاتـانی زلهێزی ئابوری جیهان و چین بۆتە هۆی ئەوەی ئەم ڕێکخراوە جارێکی دیکە دۆخـی ئابوری بەراورد بکات. ئەو سندوقە لە هەمانکاتـدا ئـاماژەی بە ئەگەری بەردەوام بـوونی گەلاڵەی بۆشـایی کۆمەڵایەتی لە ساڵی داهاتوو کرد و پێشبینی کرد کە نرخی گەشەسەندنی ئابوری لە ساڵی ٢٠٢١ دەگـاتە ٢/٥لە سەد، ئەمەش لە کاتێکدایە لە ڕاپۆرتی پێشوویی ئەم ڕێکخراوە نرخی گەشەسەندنی ئـابوری ٤/٥لە سەد پێشبینی کرابوو.

# هاووڵاتیەکی شاری سنە بەتەقەی هێزەکانی ڕژیم شەهید کرا!



ڕۆژی پێـنج شەممە ڕێکەوتـی 17ی ڕەزبەر، هـاووڵاتیەکی کوردی دانیشتوی شـاری تـاران، بەتەقەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی جینایەتکاری ئاخوندی پێکرا و شەهید کـرا. نـاوبراو لە بەشداری لە کۆبـونەوەێکی دژ بە ڕژێـم وخۆپیشـاندان کە درووشـمی دژی دیکتـاتۆری ئاخونـدی بەرزکـرایەوە، هێزەکـانی ڕژێـم تەقەیـان لە خۆپیشاندەران کرد و بەداخەوە کەژوان ئەڵماسی کوڕی ئیقباڵ شەهید کرا.جێگەی باسە کەژوانـی خوالێی خۆشبێت بـرازای کـاک کەمـاڵ ئەڵماسی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخستنی هەولێری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانە. بەو بۆنەوە پرسـە و سەرەخۆشی بە کـاک کەمـاڵ و بـاقی ناسیاو و خزمـان دەڵێـین و هیـوای سێبووریان بـۆ دەخـوازین، هاوکـات ئەو کردەوە دڕنـدانە و جینایەتکـارانەی ڕژێمی ئاخونـــــــدی بەتونـــــــــدی مەحکـــــــــووم دەکەیـــــــــن.

# ٥٠ % خەڵکی ئێران لە هەژاری دا دەژین.



لە نـوێترین ڕاپۆرتەکـانی ناوەنـدی ئامـاری ئێـران لەبـارەی تێچـوویی داهـاتی خانەوادەکـان، دەرکەوتـووە کە 50لە سـەدی حەشیمەتی ئێـران لە ژێـر هێڵـی هەژاریدان. ئەمە لە کاتێکدایە، بەپێی ڕێژەی فەرمی لەساڵی90، 18لەسەدی حەشیمەتی ئێـران لەژێـر هێڵـی هەژاری دەژیـان. ئەم ڕێـژەیە لەسـاڵی 97، 24لەسەد بو و لەساڵی 98 گەیشتە 35لەسەد. بەڵام بە هۆی دابەزینی نرخی پـارەی نەتەوەیـی و بەرزبـونەوی نرخـی دۆلار تانزیـک بە سـی هەزار تـمەن، گەیشتنی هێڵی هەژاری بە 10ملیۆن تمەن، و کەمترین ئاستی هێڵی هەژاری گەیشتە 6ملیۆن و 840هەزار تمەن، لە ئێستادا 50لەسەدی حەشیمەتی ئێران لە ژێـر هێڵـی هەژاری دا دەژیـن. وێـڕای ئەمە، ڕێـژەی خـواردنی هەنـدێک لە خواردەمەنیەکـان لە نێـو خـانەوادە ئێرانیەکـان دا دابەزیـوە و خـواردنی گۆشـتی سوور لە ساڵی 98 و پێش ئەم دۆخە قەیراناویەی ئابوری ئێران لە ئەمساڵدا، بەشـێوەی مامناوەنـد 6/51لەسـەدە و لە چینـی هەژارتـریش زیـاتر لە 2/65لەسەد دابەزیوە. هەروەها خواردنی برینج لەنێو خانەوادە ئێرانیەکان دا لەساڵی 98 بەنیسبەت ساڵی 90 نزیک بە 7/34لەسەد دابەزیو

# یادی سەروەران.




## سەروەرانی گەل: شەهیدان عەتا قادری ، کاوە نانەوا و جەمیل سەجادی.

لە دوایەکانی مانگی گوڵانی ساڵی(1372) کۆچی خۆری بەرانبەربە 1994 ی زایینی، دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، سنەیان لە هێزەکانی دوژمن کردبووە چەرمە چۆلەکە، لەو شارە پان و بەرینەدا، دژمن کونە مشکی لێببوە قەیسەری. لەو ڕۆژانەدا ئەگەر ڕووت لە شاری قارەمان پەروەری شۆڕشگێڕی سنە بکردایە ئەو شارە کە پایتەختی حکومەتی پان و بەرینی ئەردەڵان بوو و ئێستاش پایتەختی حەماسەو لێ بووردوییە، پایتەختی خوێندەواری و تێگەیشتنە، مەکۆی ئازادی خوازانی کوردستانە، ئەگەر بەو شارە دڵ پڕ و پڕ دڵ و دڵدارەدا ڕابووردیایە، شاهێدی نیگاو چاو برکێ و زەماوەند و شایی و پیرۆزبایی دەبووی، لەگەڵ ئەوەشدا کە مانگی گوڵان خەریک بوو لە گەنج و لاوان وکوڕ و کاڵان و لەبەر چاو کەژاڵان ماڵاوایی بکا، تا بەهاری داهاتوو بە خودایان بسپێرێ، دەتدی لە پڕ مانگی گوڵان دەژێتەوە، ڕۆژگاری شادمانی سەرهەڵدەداتەوە، بەهاری شۆڕش دێتەوە، دەتدی پێشمەرگەکانی سازمان بە قریشکەی چەکەکانیان بەهاری خەبات بە خەڵک مزگێنی دەدەن، لە خوێنی خۆیان چەپکە گوڵی هەڵاڵە بە خەڵکە دڵسۆزو و قارەمان پەروەرەکەی پێشکەش دەکەن. ئەگەر بەناو کوڵان و شەقامی ئەو شارەدا گەڕابایەی، ئەگەر سوار ماشێنی خەت یان تاکسی بوایەیت هەر باسێک باس بوو. هەر شادمانێک دڵی پیاو و ژن و گەورە و بچوکی ئەو شارەی پڕکردبوو. باسی قارەمانیەتی پێشمەرگەی سازمانی خەبات و شادمانی بە حەماسەی بێ وێنەیان، باس هەر باسی هەڵۆ تیژباڵ و بە جەنگەکانی سازمان بوو، کە ئەو شارە گەورەیان لە دوژمنان پڕکردبوو لە مەترسی. ماوەی 8شەو و ڕۆژ لە شاری خەباتگێری سنەدا تەنگیان بەهێزەکانی دوژمن هەڵچنیبوو. وایان دەزانی سەدان پێشمەرگەی سازمانی خەبات لەو شارەدان و لە کەمیندان بۆ هێزەکانی ڕژێم.

بەڵام لە ڕاستی دا نەهەزار ونە سەد و نە دەیان کەس، دەستەیەک بوون لە ڕۆڵە یەک بە هەزارەکانی کوردستان و سازمانی خەبات، شارێکیان پڕکردبوو لە مەترسی لەسەر هێزەکانی دوژمن، هەروا پڕیان کردبوو لە شادمانی بۆ خەڵکە خەباتگێڕ و شۆڕش دۆستەکان. ڕۆڵە قارەمانەکانی سازمانی خەبات لە 26 بانەمەڕەی (1372)دا دەگەنە شاری سنە. لە ڕۆژی (3) جۆزەردانی(1372) لە شاری سنەدا دەمێننەوە و خەریکی حەسانەوە و شناسایی دەبن، یان شەو بێ یان ڕۆژ زەربەت لە هێزەکانی دوژمن دەوەشێنن. ڕۆژانی 29 و 30 و 2 جۆزەردانی 1372 کۆچی خۆری تیمی قارەمانی سازمانی خەبات زەربەت لە هێزەکانی دوژمن دەدەن و زیاتر لە دە جێ بەرنگاری هێزەکانی دوژمن دەبن. ڕۆڵە قارەمانەکانی سازمانی خەبات ئەوەندە بێپەروا لە شاری سنەدا بە دوای هێزەکانی ڕژێم دەبن، کە لە هەموو کوچە و خەیابانێک شک دەبرن. بە شەو و بە ڕۆژی ڕوناک بەر لە نیوەڕۆ و دوانیوەڕۆ بە ئاشکرا دەست لە هێزەکانی دوژمن دەوەشێنن. شاری سنە کە چوار پێنج ساڵ بوو پێی پێشمەرگەی کوردستانی لێ نەکەتبوو، تیمی گیانبازی سازمانی خەبات، مژی ماتی ئەو شارەی بە قریشکەی چەکەکانیان ڕەواند. خەڵکە تامەزرۆکەی شاری سنە کەتینووی دیداری پێشمەرگەی دەست وەشین بوون سەریان لە دەروازە و پەنجەرەکانیان دەردەهێنا تا چاویان بە دیداری پێشمەرگە ڕوون کەنەوە ، بەوە سوکنایان نەدەهات و دەهاتنە دەرەوە کە لەو زەماوەندە دا کە پێشمەرگە با شاباشی خوێن و سازی دەنگی کەلاشینکۆف دەیانگێڕا، هاوبەش بن، نەدەترسان لەوە کەبەگوللەی وێڵ یان بە گوللەی ڕاستەخۆی دوژمنانی کورد بپێکرێن. دەیانگوت کە گیانی ئێمە لە گیانی پێشمەرگە ئازیزترنیە. کە چاویان بە پێشمەرگە چاو نەترسەکان دەکەوت عومریان نوێ دەبووە و گلە خۆشیان وەخت دەبوو باڵ بگرن و بپەڕنە بەر دەم پێشمەرگەکان و دەست لە ئەستۆیان کەن و لاچاویان ماچکەن و ببنە سپەری بە لاوەگێڕان لە بەرانبەر هێزەکانی دوژمندا و شانیان بکەنە سەرینی لوولەی چەکەکانیان کە

ڕێی دەستیان ببێ ئەرکی موقەدەسیان بە جێ بێنن. بەڵێ پێشمەرگە گیان بازەکانی سازمانی خەبات ژیانیان بۆ خەبات دەویست و خەباتیشیان بۆ زەربەت وەشاندن لە دوژمن، کە یان زیانی زۆری پێ بگەیەنن یان خۆیان لەو ڕێگەدا بە پلەی شەهادەت بگەن. لەگەڵ ئەوەدا کردنی دەینی گیانیان، ئەرکی موبارزە بۆ هەڤاڵانی بە وەفا بەجێ بهێڵن. قارەمانەکانی سازمانی خەبات ی خوێناوی دەردێکیان بە هێزەکانی ڕژێمی خوێن ڕێژدا، کە ئەو ماوەو چەند ڕۆژی دوای 2ی جۆزەردانی 1372یش هێزە سەر کوتکەرەکانی نەیاندەوێرا بە ماشێنی دەوڵەتی و بەبەرگی ڕەسمی پاسدار و پۆلیس و بەسیجەوە بگەڕێن، ناچار بە بەرگی شەخسی و بە ماشێنی شەخسی دەگەڕان. حەبیبی جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران کە قەرار بوو بێتە سنە و مەرکەزی گاز ئیفتتاح کا، نەیوێرابێ و ناچار گەڕایەوە بۆ تاران. هەروا لەو ڕێیانەوە کە لە شارانەوە بەرەو شاری سنە دێن بە خەڵک دەگوترا کە شاری سنە شێواوە و پێشمەرگە هاتوون. پێشمەرگە هاتوونە ناوشار ولە تەواوی شاردا شەری پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن لەو شەڕانەدا کە پێشمەرمەرگەکانی سازمانی خەبات لەگەڵ هێزەکانی دوژمن کردیان دوژمن زیاتر لە 50کەسی کوشتەو بریندادی بوو. ڕژێم کە پێی وابوو ئەوانەی کە ناوی ناوون، زیدی شۆڕش(ئینقلاب)تازە ناتوانن ڕوو بکەنە شاری سنەوخەو لەوان هەراسان نابێ. بە پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ئارامیان لێ هەڵگیرابوو خەویان لێزڕاو دڵیان کەوتە لەرزین هاکە بەندی دڵیان بپسێ. تیمێک پێشمەرگەی سازمانی خەبات سنەیان ڕزگار کرد، دوای چەند ساڵ کە دوژمن بە ئەرخەیانی و بێ مەترسی لە پێشمەرگە خەریکی زەبرو زەنگ و ئەشکەنجە و ئیعدامی نارازیان و ئازادی خوازان بوو سنەیان ڕزگار کرد و تەلسیمیان شکاند و شاریان لە دوژمنان شلەقاند. خەڵکی ئەو شارە قارەمانە و ئازادیخواز وفیداکارە ئامادەن کە ڕۆڵە لە خۆ بردووەکانی گەل لە ئامێزگرن و بە گیانیان بیانپارێزن. وەک ڕۆڵەی عەزیزی خۆیان وەک جەرگ و دڵ لەناو قەفەزی سنگیان گرن. بەڵام چ دەکەی کە کەس نیە کەسی میللەت بێ و لەسەر ئەو ڕێگەیە موبارزە بکات کە میللەت دەیەوێ، هەر تەنیا سازمان و ئەویش لە وەتی هەیە نا ڕێکان پیلانی بۆ دەنێنەوەو تۆڕی درۆی لە سەر دەتەنن و داوی دوژمنانی لە سەر دەنێنەوە. سازمانی خەبات بەو کارە گەورە کە تیمێک شارێکی شلەقاند ئیسباتی کرد کە ڕیزەکەی لە گیانبازەکانی گەل پێک هاتووە و ئیمانیان بەشۆڕش دووبارە بەیەکەوە باداوە و لە پسان نایە. بە کوردستانی ڕاگەیاند کە خەباتی هاوباوەڕی نەتەوەی کورد و ئازادیخوازی کورد و ئەوە کە بە پشتیوانی میللەتی بە شەرەفی کوردەواری دام و دەزگای ڕژێم لە کوردستان بخاتە لەرزەو لەرزی مەرگی بهێنێتەوە. قارمانەکانی سازمانی خەبات زەربەتی گیان و ماڵی زۆریان لە دوژمن دا لە شاری سنەدا، ورەی هێزەکانی تێک ڕووخاند و ئەو سەرکەوتنەیان بە خوێنی 3 ڕۆڵەی لە گیان بووردوی هەڵگری باوەڕی ئازادی کوردستان

مۆرکرد و یادگاری خەباتی خوێناویان لە دڵ و دیدەی خەڵکی بە شەرەفی شاری سنەدا بە جێ هێشت. ئەوسێ ڕۆڵە سەربەرز وشانازی بەخشانە بریتی بوون. لە فەرماندەی تیم کاک عەتا قادری جێگری فەرماندەی تیم کاک کاوە نانەوا وکاک جەمیل سەجادی پێشمەرگەی گیانبازی سازمانی خەبات.

عەتا قادری، یەکەم فەرماندەی تیمی بێ وێنەی قارەمانی سازمان، کوڕی شوکروڵا ساڵی (1349)ی کۆچی خۆری لە دێی بەمەنانی سەرەوە لە ناوچەی ژاوەڕۆ لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی لە ئاواییەکی خۆیان تەواو کرد، دوایی هاتۆتە شاری سنە و سیکلی وەرگرتووە. ساڵی (1363 ی کۆچی خۆری)بە مەبەستی موبارزە دژی ڕژێمی ئاخوندی دەچێتە یەکێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستان وە نزیک بە دووساڵ لەو ریزەدا دەمێنێتەوە و پاشان هەستی نەتەوایەتی و دڵسۆزیان بۆ نەتەوەی کورد هانی دەدا کە بۆ گەلی کورد و بۆ ڕزگاری لە دەست ستەمی نەتەوایەتی چەند قات بچێتە ئەو ڕیزانە و بۆ ئەم ئامانجە خەبات دەکەن و تێدەکۆشن. شەهید عەتا سازمانی خەبات ی کوردستای ئێرانی هەڵبژاردو خۆی تێدا بینیەوە. شەهید عەتا لە پاییزی ساڵی (1365)دا هاتە ناو ڕیزی سازمانی خەباتەوە. شەهید عەتا ئینسانێکی زیرەک و ئەهلی کار وتێکۆشان بوو. سازمان دوای ماوەیەک ناردییە دەورەی کادری دەرمانییەوە. پێی نەچوو کە بە کادرێکی سەر دەرچوو بە کەڵک لە کڵ هاتە دەر. ئەمجار لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەرکی دەرمانی دەدی، یارمەتی بەشی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دەدا و لە بەشی بۆڵتنیش دا کاری دەکرد. کاتێک تیمەکانی عەمەلیاتی نیزامی دەردەکەوتن شەهید عەتا بەناوی کادری دەرمانی لەگەڵ تیم دەڕۆیی. بەڵام تەنیا کاری ئەوەندە نەبوو بەڵکو وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و لێهاتوو بە هەڵمەت و دڵسۆز و دەست وەشێن و لێزان لە چالاکییەکاندا بەشداری دەکردو ڕیزی بەر چاوی بوو لە ناو هەڤاڵاندا. شەهید عەتا ئازا و دلێر بوو واتە شوجاعەتێکی ئینتحاری هەبوو. بەکوردی خۆمان هەرملی پێوە دەنا. دیواری ترس لە بەرانبەری دا هەڵمە دووکە بوو. شەهید عەتا لە چالاکیەکانی پێشمەرگەی سازمانی خەبات لە ناوچەکانی بانە ومەریوان دا بەشدار بوو. لە چالاکی لە حەسانەوەو تەداروک گرتن، لە بنکەکانی پێشمەرگەدا، تفەنگ و تاقمی لەخۆ دەدا و پوزەوانەکانی هەڵدەکێشا بەرەو گۆڕەپانی جەنگ دژی هێزەکانی ڕژێم، باری لەسەر لێوی دەستی پێ دەکرد و بەڕا کردن سورایی شادمانی لە لێوی دەگەڕا. هەر بەو حەماسە گەرم و بڕیارە کول نەبووەوە، ژیانی پێشمەرگانەی درێژە پێ دا. شەهید عەتا قادری چون بۆ مەیدانداری هێزەکانی دوژمن بە شایی و زەماوەند دەزانی، لە بەهاری ساڵی 1370دا لە بەر هێندێ هۆ لە هاوسەنگەرانی لە سازمانی خەباتدا هەڵبڕاو وناچار بە چوونەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بوو. ڕژێم گرتی و لە زیندانی کرد و دوای ماوەیەک ئازارو ئەشکەنجە لە مەحکەمەیەکی گۆپاڵی دا حوکمی ئیعدامیان

بە سەر دا سەپاند. لە بەهاری ساڵی1371دا لە گێرانەوەی لە دادگا بۆ زیندان بە دەست بەندەوە توانی خۆی فڕێ داتە ناو جەماوەرەوە وهەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە ماڵی برایەکی کوردی پاک لە شاری قارەمان پەروەر وقارەمان پارێزی سنەدا. لەو شارە کوردی پاک زۆرن دەستبەندی بۆ دەکەنەوەو دوای حەسانەوە بەرێی دەکەنە ناو کۆڕی هەڤاڵان لە بنکەکانی سازمانی خەبات. شەهید عەتا لەگەڵ برا هاوسەنگەرەکانی بە یەک شاد بوونەوە. لە دواییەکانی بانەمەڕەی 1372دا بە فەرماندەی تیمێک بەرەو مەریوان و پاشان سنەو دەروویەری بەرێ بوون ،لە 26ی بانەمەڕدا خۆ دەگەیەننە شارە قارەمان پارێزە کورد پەروەرەکەی سنە، ماوەی 8 ڕۆژ لەو شارە مانەوە و زیاتر لە دە عەمەلیاتیان دژ بە هێزەکانی ڕژێم ئەنجام دا. وەک لە سەرەتادا گوترا ئەو تیمە شاری سنەیان پڕ کردبوو لە پێشمەرگەی سازمانی خەبات. مەرگ لە هەموو کوچە وکۆڵانێک لە سەر هێزەکانی ڕژێم دەگەڕا.

### (شەهید کاوە نانەوا)

شەهید کاوە نانەوا کوڕی شەریف لە ساڵی(1353 ) ی کۆچی خۆری لە بنەماڵەیەکی ڕەنجدەرو هەژار لە شاری بانە چاوی بە دنیای پڕلە ڕەنج و پڕ لە شانازی هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی لە کوردستانی عێراق دا دەست پێ کرد، لە بەر موشکیلاتی خێزان لە 5ی سەرەتایی زیاتر نەیتوانی بخوێنی. شەهید کاوە جوێ لەوەی کە زۆربەی بنەماڵەکەیان لە شۆڕشی کوردستان و لەڕیزی سازمانی خەباتدا بوون و پەیوەندی ڕیشەداریان بە شۆڕشی ڕەوای سازمانی خەباتەوە بەتایبەتی بوو، ڕۆڵەیەکی خاوەن شەرەف و پاک و خاوەن باوەڕ بوو کە ئیمان بە عەداڵەت و دژایەتی لەگەڵ ستەمگەران داگیرکەران لە ئیمان و مەبەستەکانی بوو. ئەو ڕۆڵە پاک خوڵقاوە، چاک بار هاتووە بەر لە هاتنی بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی شانازی شەهادەتی برای گەورەی شەهید ناسر نانەوا و بەر لەویش شەهادەتی ئامۆزای شەهید عەبدوڵا نانەوا و بە ئیعدامی خاڵۆی شەهیدی ئەبووبەکری کەریمی کە ئامۆزای باوکی بوو بە دەستی هێز و جەلادەکانی ڕژێم ، هەستی شۆڕشی لە دەروونیدا ڕیشەدار کردبوو، ڕێگای خەبات و شانازی بە سەرکەوتن، یان شەهادەت ئامانجی بوو کاتێک بە لەش لە هێزی پێشمەرگە دوور بوو بە دڵ لێیان هەڵنەدەبڕا، ڕۆحی وەک پەروانە لە دەوری گڕی چەکەکانیان دەگەڕا. خۆی بە پێشمەرگەی سازمانی خەبات دەزانی و دادەنا کە سەر دەکەتن، ئاواتی بوو کە لە گەڵیان بووایە کە شەهادەت نەسیبی یەکێکیان دەبوو ئاواتی بوو بە نەسیبی خۆی بووایە. بەو بیرو باوەڕە بەو دەروونە پڕ لە شانازییەوە لە بانەمەڕی (1371)ی کۆچی خۆریدا هاتە ڕیزی پێشمەرگەی سازمانی خەباتەوە. دوای ڕاهێنان و بارهێنان چووە مەڵبەندی دووی سازمانەوە. شەهید کاوە نانەوا لە چالاکیەکانی ساڵی (1371)دا بەو پەڕی چاو نەترسی وئازاییەوە بەشداری کرد. جێی ڕەزای هەڤاڵان و فەرماندەران بوو، شیاوی پشت پێ بەستن بوو.

شەهید کاوە لە بەهاری ساڵی (1372)دا بە جێگری فەرماندەی تیم لە گەڵ ژمارەیەک لە قارەمانەکانی سازمانی خەبات بەرەو مەریوان و سنە و دەورووبەری بەرێ بوون. ماوەی 8 ڕۆژ لە شاری سنەی خەباتگێڕ و کورد پەروەردا مانەوە بە چالاکی بێ وێنە و یەک لە دوای یەکیان هێزەکانی دوژمنیان تۆقاند و دڵی یەکە یەکەی خەڵکی ئەو شارەیان گەشاندەوە و بەهاری شادیان بۆ خەڵکەکەی گێڕاوەو بە خوێنی پاکیان و بە خوێنی سوور وئاڵی وەک هەڵاڵەیان شەقامەکانی سنەیان ڕەنگاند و خوێنی پیسی هێزەکانی ڕژێمیان لەگەڵ ماشینە وەرگەڕاو و پڕ لە کەلاکەکانیان بە جەدوەلی خەیابانەکانی سنەدا کرد.تا ساعەت 3ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی 1372/3/2 جەنگی ڕووبەڕووی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات و هێزێکی بێ ژماری دوژمن لە مەیدانی ئیقباڵ دا ڕێکەوت. ڕۆڵە لە گیان بوودووە لە شەرەف نە بووردووەکان دادی قارەمانیان دا. وایان مەیدانی جەنگ گەرم کرد کە مێژووی کوردستان ئەو سەحنەیە لەبیر ناکاو لە سەروی شانازییەکانی شۆڕشی کوردستان بنووسێ.

### (شەهید سەید جەمیل سەجادی)


سەید جەمیل سەجادی کوڕی سەید محیەدین ساڵی (1347)لە شاری سنە دا لە دایک بوو. کە تەمەنی گەیشتە 7ساڵ چووە مەدرەسە تا سێ ڕاهنمایی خوێند. سەید جەمیل ساڵی (1371) هاتە ناو ڕیزی سازمانی خەباتەوە. دوای ڕاهێنان و بارهێنان لە کاری پێشمەرگایەتی و تێگەیاندن لە ڕێبازی و ئامانجی دوا ڕۆژی سازمانی خەبات، چووە ناو مەڵبەندی دووی سازمانی خەبات. بەو پەڕی دڵگەرمی و دڵسۆزییەوە گوێ بیستی دەستوور و بە جێ هێنانی ئەرکی پێشمەرگایەتی بوو. شەهید جەمیل لەگەڵ تیم و گروپەکانی نیزامی دا بۆ ناوچەکانی بانە و مەریوان بۆ کاری نیزامی دەڕۆیی و بە پێشمەرگەیەکی ئازا ناسرا بوو. شەهید سەید جەمیل لە دواییەکانی مانگی بانەمەڕی(1372)دا لەگەڵ تیمێک بە فەرماندەی شەهید عەتا قادری کەوت، تا گەیشتە ناو شاری سنە. شەهید جەمیل بە ئازایی و بە جەرگ بە دەستووری فەرماندەی تیم لە چالاکییەکانی ناو شاری سنەدا بەشداری دەکرد و ئەرکی ڕێنوێنی دەبینی، لەو شارە گەورەدا بۆ بەدی کردنی جێی متمانە بۆ حەسانەوە و بەرنامەڕشتن بۆ هەلسووڕان و چالاکی پێشڕەو بوو. تا لە سەعات سێی دوانیوەڕۆی ڕۆژی (1372/3/2)لە شەقامی حاجی ئاوا و مەیدانی ئیقباڵ لە شاری سنەدا لە گەڵ هێزێکی زۆری دوژمن کەوتە شەڕ. شەهید جەمیل لە فەرماندەی تیم شەهید عەتا قادری و جێگری فەرماندەی تیم شەهید کاوە نانەوا جوێ نەدەبووە. ئەوڕۆڵە قارەمانەی سازمانی خەبات لەو جەنگەدا بە گوللەی ناپاکان بە پلەی شەهادت گەیشت. فەرماندەی تیم شەهید عەتا و جێگری فەرماندە بەو پەڕی قارمانیەوە لە بەرانبەر ئەو هێزە زۆرەی دوژمندا جەنگین.

بۆ لا پەڕەی { 5 }

**شەهیدەکان مامۆستای وانەی کۆڵنەدان و خۆڕاگرین لە زانکۆی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دا،**

پاشماوەی لاپەڕەی 4

... شەهید جەمیل بە پێوە شیعاری خەباتی دەدا و بە کەلاشینکۆفی گەرم داهاتوو وەک دڵی شەهید عەتا خۆی لە هێزەکانی دوژمن وەردەگێڕاو بە دروشمی بژی سازمانی خەبات و حەماسەی دەخولقاند و ورەی پاسدار و جاشی خۆفرۆشی دەڕوخاند. شەهید کاوەی قارەمانیش نەدەماوە، لە جەنگی مان و نەماندا لەگەڵ قریشکەی کەلاشینکۆف ونرکەی پڕ لە داخ درووشمی شەرەف بزوێنی خەباتی خوێناوی تیکرار دەکردەوە، بە پەلە بوونی سەرکەوتنیان فرین بۆ ناو کۆڕی شەهید و هەڤالانی لە خوێندا شەلاڵ، هەر دووک قارەمان بریندار بوون شەهید عەتا نۆ دانە برینی کاری هەڵگرت فیشەکی لێبڕا. شەهید عەتا نارنجۆکی کێشا کە بە زیندوویی نەکەوێتە بەردەستی ئەم دوژمنانە کە کوردستان دەیانناسێ و هی وەک شەهید عەتا کە ئەشکەنجەو ئازاریانی زۆرتر دیوە و ڕادەی بێدادیان دەناسێ، بەڵام چەسپێک کە زووتر لە ماشەی نارنجۆکەکەی هالاندبوو ناهێڵێ بتەقێتەوە، هاوکات خوێنڕێژی زۆر بێهۆشی دەکا. کاوەی قارەمانیش بە برینداری بێ فیشەک و زەخیرەی دیفاع دەمێنێ، هەر دووک قارەمان بە برینداری دەکەونە بەر دەست دوژمنانی کوردستان و مرۆڤایەتی. دەبرێن برینەکانیان تیمار دەکەن و پاشان لە دادگا گۆپاڵیەکانی ڕژێمدا هەر دووک بە ناڕەوا لە سەر دیفاع لە کوردستان بەرانبەر بێگانەی داگیرکەر بە مەرگ مەحکووم دەکرێن. وەک خۆیان بە هاوڕێیانی زیندانیان گوتووە ئەوەی لە پەروەندەکەدایە ئیعترافی ئەوان نییە و دەست تاشی قازی جەلادە. شەهید عەتا و شەهید کاوە، لە موبارزە و بەربەرەکانی ناو زیندان دا کەمتر نەبوون لەوەی کە بوون لە مەیدانی ئیقباڵ و خەیابانەکانی سنەدا. لە بیر هەڤاڵان ناچێ ئەو دروشمە پڕلە حەماسییانەی شەهید عەتا کە دەیگووت: بژی سازمانی خەبات و بژی پێشمەرگە قارەمانەکانی. لەبیر ناچێ ئەو مەتانەت و بە جەرگی و بە ئیمانییەی شەهید کاوە لە دواییەکانی ژیانیدا. دوو قارەمانی سازمانی خەبات و کوردستان لە 18ی ڕەزبەری 1373ی کۆچی خۆریدا لە شاری سنە ئیعدام کران و گیانی بەرزیان فڕی بۆ کۆڕی شەهیدانی سوور خەڵاتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید عەتا و شەهید کاوە و شەهید سەید جەمیل و گشت شەهیدان.



شەهید تۆفیق کەریم پوور

## سەروەری گەل: شەهیدتۆفیق کەرین پوورناسراو بە تۆفیق بڵەسەنی.

شار ڕەشی پۆشیوە، خەڵکی لادێ و هەموو ئەوانەی لە غەمی پێشمەرگە و شەهیدانی ئازادین، ماتەمبارن و تازییەیان گێڕاوە، چیا پێ دەشت و لێرەوار، کانیاوەکان و زۆر شوێنی دیکە لە نیشتمانی ڕەنگین لە ماتەمدان، چونکە ئیتر بە دیداری هەڤاڵێکی دێرینمان کە هەر ساڵە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بوایە، لایان میوان دەبوو شاد نابنەوە. منداڵ و پیرو لاوەکان، شەنگە بێری و هەموو ئەوانەی بە قسەی خۆش و بیری پاک و شۆڕشگێڕی ماندووی ڕێی نیشتمان دڵخۆش دەبوون، ئیتر جارێکی دیکە بە دیداری ناگەنەوە. بەڵێ ئیتر ئەو تۆفیق بڵەسەنیەی کە شارەزای هەردوو دۆڵ و لێرەوار و جێ حەوانەوەیەکی پێشمەرگە بوو، پڵنگی چیاو هەڵۆی تیژ باڵی پێدەشت بوو، ئیتر لەناومان نەما، چیا لە پێ دەشت دەپرسێ، بیستووتە هەواڵی میوانی چەکوو ڕەخت بە کۆڵ و ئازاو بوێرمان شەهید بووە، ئەویش بەدەستی جاشی خۆفرۆشی نیشتمان، ئەو پێی وابوو کە بە یەکەم تەقە و دەستڕێژ شەهید تۆفیق دەخجڵێ و توانای دەست کردنەوەی نامێنێ، بەڵام چەندە خەیاڵی خاوبوو ئەو خۆفرۆشە، هەر بە زوویی لە لایەن ئەو قارەمانەوە دوایی بە تەمەنی ڕوو ڕەشانەی هات. بەڵێ بە داخی گرانەوە شەوی هەینی، ١١ی ڕەزبەری ١٣٨٢ی کۆچی خۆری بەرانبەر 3/ 10/ 2003 ی زایینی، شەهید تۆفیق کەریم پوور لە ئەنجامی مەئمووریەتی سازمانی لە ناوچەی سوورێنی بانە لە لایەن کرێگرتەکانی ڕژێم دەکەوێتە بەر دەستڕێژی چەکوو بە سەختی بریندار دەبێ، کە بە برینداربوونیش شەهید تۆفیق ناخەجڵێ و دەست دەکاتەوە و سەرهەنگ پاسدارێکی ناوزڕاوی ڕژێم بە ناوی ئەمیر بەهرامی بە سزای خەیانەتی دەگەیەنێ و دوای چەند سەعەت شەهید دەبێت. شەهید تۆفیقی هەمیشە سەربەرز، سەروەریی گەورە و خۆشەویستی ڕیزی شۆڕش و جەماوەر و ڕەزای خوای بە نەسیب بوو.

یاران ئازیزان هاونیشتمانان! سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەگەر چی یەکێک لە قارەمانترین ڕۆڵەکانی کورد و ڕێبازەکەی شەهید بوو، لە بەرانبەر دا شانازی ئەوەیە کەتوانیویەتی ڕۆڵەی ئاوا پاک و بوێر پەروەردە بکات کە هیچ مەبەستێکی لە موبارزە، بێجگە خەبات کردن و خۆفیداکردن لە ڕێگەی نیشتمان و سازمانەکەیدا نەبووە. شەهید تۆفیق کەریمپوور(بڵەسەنی) لە ساڵی 1347 کۆچی خۆری لە ئاوایی بڵەسەنی ناوچەی بانە چاوی بە دنیا هەڵێناو لە تەمەنی 14 ساڵییەوە هاتە ڕیزی سازمانی خەبات. لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی، تەمەنی کەم بوو زۆری لێ دەکرا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو مێر منداڵە سوور بوو لەسەر مانەوە لە ڕیزی سازمانداو داوای ئەوە بوو هەر کارێکی پێ بکرێ ئامادەیە بەو شەرتەی لە بنکەکانی سازماندا بێ. لە چەند ساڵی سەرەتایی شەهید تۆفیق لە بنکەی سەرەکی سازماندا بوو تا بە تەواوی ڕاهات و تەمەنیشی چووە سەر، دوایی لە هێزی شەهید سەید خەلیل و لقی دەشتە تاڵ چەکی شەرەف و پێشمەرگایەتی لەشان کرد.

لە ماوەی پێشمەرگایەتی و ڕۆژە سەختەکاندا لە هەڤاڵان و هاوڕێبازانی بە جێ نەدەماو لە شەڕ لە دژی ڕژێمی ئاخوندی و دیفاع لە مەوجودیەتی سازمانی خەبات لە بەرانبەر لایەن و هێزەکانی مەیدانی موبارزە بوێرو چاونەترس بوو. شەهید تۆفیق بڵەسەنی لە ساڵەکانی پێشمەرگایەتی و ڕوداوە ناو خۆییەکانی سازمان، ئەگەرچی لە سەرەتادا ژمارەیەک ویستیان کاری بکەنە سەرو لە ڕێبازی سازمانی خەبات بە یەکجاری دایبڕن، بەڵام ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێرە بە بیرکردنەوەی دروست و دەرکەوتنی ڕاستیەکان، زیاتر لە ڕابردوو هاتە مەیدان و باشتر خزمەتی بە سازمان کرد. بە شێوەیەک خۆی فیدای سازمان و ڕێبازەکەی دەکرد کە کەم کەس هەیە لە هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەوەیان لێ نەبیستبێ کە پێشکەوتنی سازمانی خەباتی لە هەموو شتێک بۆ گرینگتربوو. شەهید تۆفیقی فەرماندە و تێکۆشەر، خۆشەویستی هەڤاڵان و خانەوادەی پێشمەرگە و فیداکاران لە ئۆردوگای سازمان بوو، هەر بۆیە بە بیستنی هەواڵی شەهادەتی هەموان ماتەمبار بوون. تۆفیق بڵەسەنی ڕۆڵەی بە وەفای سازمانی خەبات و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا ئارەزووی ئازادی نیشتمان و ڕزگاری تێکڕای گەلانی ئێران بوو، هاوکات بە هاوکاری لە نێوان سازمانی خەبات و هێزە سیاسیەکان گەلێک دڵخۆش بوو. بە شەهادەتی شەهید تۆفیقی هەمیشە زیندوو، سازمانی خەبات، بە کەڵکترین ئەندامی سەکردایەتی خۆی و فەرماندەیەکی شارەزاو چاونەترسی لە دەستدا، بەڵام ئەگەر چی ئەو زیانە گەورەیە لە سازمانی خەبات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان کەوت، بەوە سەربەرزین کە جەماوەری کوردستان بە شەهادەتی تۆفیق کەریم پور، نیگەران بوون. بێ گومان زۆر لاوی شۆڕشگێری کوردستان دێنە ڕیزی سەربەرزی سازمانی خەبات و هەوڵ دەدەن شوێن و جێگەی شەهید تۆفیق و سەرجەم شەهیدانی سوور خەڵاتی سازمانی خەبات پڕ بکەنەوە و ڕێبازەکەی ئاوەدان و ئاوەدانتر ڕاگرن.

سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدی نەمر و فەرماندەی بە کەڵک و لێهاتووی سازمانی خەبات، سڵاو بۆ جەماوەری بەوەفاو خەبات، خۆشەویستی کوردستان کە بە شەهادەتی کاک تۆفیق ماتەمیان گێڕا و لەگەڵ سازمانی خەبات هاوەدەردیان کرد.

مردن و نەمان بۆ جلکاو خۆران



شەهید عومەر عەبدولی

## یادی سەروەری گەل: شەهید عومەر عەبدول.

منداڵانی چاوگەش، خۆشەویستی دایک و بابن و بە هەزار دەردو ماندوو بوون گەورە دەکرێن و زۆری دەوێ و پێ دەچێ تا لە خەم دەڕەخسێن و دەکەونە سەر ڕێڕەوی ژیان، ئەوان ڕوناکی ماڵ و کۆڕی خانەوادەن و جێگەی هومێدی کەس و کارن و داهاتووی پڕشنگدارن.

منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان لەبەر هەلومەرجی زاڵ بە سەر کوردستانداو بە هۆی غەدرو زوڵمی ستەمگەران و داگیرکەرانی نیشتمان، بە داخەوە بێبەش بوون لە ژیانی ئاسایی، ئەو ژیانەی کە منداڵانی گەلانی ئازاد هەیانەو تیایدا گەشە دەکەن و پەروەردە دەبن. بەڵێ منداڵانی کورد یان لە ئاوارەیی و دەربەدەری و جەنگ و ئاڵۆزترین و حەستەمترین ژیاندان، یان ئەگەر لەسەر ماڵ و حاڵی باوانیانن، بەو حاڵەش ئاسودەیی و ژیانی سروشتیان لێ حەرامە و هەر وەک گەورەکان و بە تێکڕا تەواوی پێکهاتەی نەتەوەی کورد کەوتونە بەر زوڵم و چەوسانەوە. بە داخەوە منداڵان گەلێک زیاتر تامی تاڵی ستەم دەچێژن و ناڕەواییان بەرانبەر دەکرێ. بە تایبەت ئەو منداڵ و لاوانەی گوندەکانی نیشتمانی ڕەنگین دەیان جار ژیانی سەختتر و پڕ لە کەندوکۆسپتریان تاقی کردۆتەوە، نە توانیویانە وەک پێویست درێژە بە خوێندن بدەن، نە ژیانێکی ئاسودەیان هەبوە. هەر لە سەرەتای ژیانەوە کەوتونە بەرتەنگوچەڵەمەو ئازاری هەمە چەشنەو کاری قورس و تاقەت پڕوکێن. ناوچەی ڕەبەت لە کوردستانی ئازیزمان مەڵبەندی دیارو بەرچاوی کوردایەتی و ئازادیخوازی، مەکۆی قارەمانانی گەل و شەهیدانی لە خوێندا شەلاڵی ڕێگەی کوردایەتی و مافخوازی و ئەو پێشمەرگە نەبەزو کەم وێنەو چاونەترسانەی جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی بەشخوراوی کوردە، کە هەر کامیان لە تۆمارکردنی داستانی دەگمەن و سەروەری و نەبەزی پێشمەرگانە دەوریان گێڕاوە. لە یادو بیرەوەری ئەمجارەدا یادی قارەمانی گەل شەهید عومەر عەبدولی کوڕی مام ئەحمەد دەکەینەوە، شەهید عومەر لە ساڵی ١٣٤٧ کۆچی خۆری لە گوندی شەمۆڵە لە ناوچەی ڕەبەت لە خانەوادەیەکی هەژار، چاوی بە دونیا هەڵێنا. زۆربەی ژیانی کاک عومەر لە دەربەدەری و ئاوارەییدا بوو، چونکە مام ئەحمەدی باوکی لە خەبات لە بەرانبەر ڕژێمی شاهەنشاهی و ڕوبەڕوبوونەوە لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی ئەو ڕژیمە چالاک بوو. شەهید عومەر ماوەیەک وەک لایەنگرو ئەندامی سازمان لە ناوچەی ڕانیەو قەلادزێ چالاکی دەکرد و لە ساڵی ١٣٦٦ کۆچی خۆری هاتە ڕیزەکانی سازمانی خەبات. لاوێکی لەسەرخۆ و بێ دەنگ و خاوەن ئەخلاق و بە ڕەوشت بوو. بە باشی ئەرکی پێشمەرگایەتی و سازمانی بەجێ دەهێنا. ئارامی و بێ دەنگیەکەی ببوە هۆی ئەوە لە لای هەڤالانی پێشمەرگە خۆشەویست بێ. شەهید عومەر پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو لە جەنگی کەم وێنەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات لە ٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٧ کۆچی خۆری لە بەرزاییەکانی نێوان گوندی سەدبار، سیوچ، نجنێ ی سەروو و گەورکی مەهاباد کە هەرلە بەرەبەیانەوە پێشمەرگەکانی سازمان کەوتبوونە ئابڵوقەی هێزی زۆرو بۆری دوژمن و جەنگ تا تاریکی شەو درێژەی کێشا، بەڵام لەو جەنگە کەم وێنەدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەبەکرێگیراوەکانی ڕژێم بە سزا گەیندران و کوژران، بەڵام بە داخەوە شەهید عومەر کەوتە بەر گوللەی چەکی دوژمن و شەهید بوو. هەر لەو ڕوبەڕوبوونە قارەمانەتیە کەم وێنەدا، بە داخەوە ٣ کەسی دیکە لە پێشمەرگەی قارەمان، شەهیدان، فەرماندەو کادری لێهاتوو، شەهید حوسەین کەریمی و شەهیدی قارەمان محەممەد هەنداوەیی و شەهید ناسر نانەوا شەهید بوون و گیانیان فیدای ئازادی گەل و ڕزگاری کوردستان و خەباتی ڕەوا لە بەرانبەر ڕژیمی ملهوڕی ویلایەتی فەقیهدا کرد.

یادی شەهیدی قارەمان شەهید عومەر عەبدولی و شەهیدانی گەلی کورد و ڕێبازی سازمانی خەبات لە ناوچەی ڕەبەت، شەهید محەممەد هەنداوەیی، شەهید عەبدوڵا نستانی، شەهید سەید تاهیر ماوەڵۆیی، شەهید سەید تەها ماوەڵۆیی و شەهید قادر نستانی و دەیان شەهیدی سەربەرزی دیکە شادبێ و جیگەیان بەهەشتی بەرین بێ.

## سازمانی خەبات و تێکۆشانی سەردەمیانە.

نووسینی: شۆڕش حاجی.



لە جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیەی ڕابردوو،جوڵانەوەو خەباتی کورد گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتوەو لە مێتۆدی و شێوەی بە تەنیا خەباتی چەکداری، بۆ شێوەی خەباتی هەمە چەشنەو فرە ڕەهەندی،وەک: سیاسی، تەشکیلاتی( ڕێکخستن) و ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە، لە هەموو بەرچاوتر هەمەچەشنی بوون و بەشداری تێکڕایی ئەندامان لە بڕیارات و پەسەندکرانی پەیڕەوی ناوخۆیی و تەنانەت شێوەی بەڕێوەبەریی و ئیدارە کردنی تێکڕای جەمسەرەکانی تەشکیلاتدا، ئەگەر بە تەواوی لە بەرچاو نەگیرابێ بەڵام بە لایەنی زۆر لە بەر چاو گیراوەو گرینگی پێدراوەو کاری پێکراوە. هەر چەند من لە ڕۆژانی سەرەتای دەست بە کار بوون و سەرهەڵدانی سازمانی خەبات، ئەندام و یا چالاکی ڕیزەکانی نەبووم، بەڵام زیاتر لە بیست ساڵە وەک ئەندام و پێشمەرگەو کادری سازمانی خەبات لە ڕیزی سازمانی خەباتدا کار دەکەم و تێدەکۆشم و ئەوەی لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا بۆ من جێگەی سەرنج بوو، لە بەر چاو گرتنی ڕۆحی یەکتر قەبوڵ کردن و کاری تێکڕایی و گرینگیدان بە ئەرک و کاری یەکترو لە هەمووی گرینگتر نەبونی دیاردەی دەستە بەندی و ناوچەگەرایی ودۆستایەتی خزم خزمێنە لە کاری سازمانیدا. دیاردەی پۆزۆتیفی یەکتر قەبوڵکردن و عەمەلگرایی و لە بەرچاو گرتنی بنەماکانی دیموکڕاسی، سەرچاوە گرتوو لە بەرنامەو مێتودی پێشکەوتنانەی ڕەهبەری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانە. ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات بە ڕادەیێک لە خۆبووردوانەو بە دوور لە ئیحساسی خۆسەپێنی هەڵسوڕاون وکاریان کردوەو، لە حاست پێشمەرگەو ئەندامانی سازمان بە گیانی مەسئولیتی ئەخلاقی جوڵاونەوە، کە هاوکات لە گەڵ بوونی خەت و بەرنامەو مێژووی پڕشنگداری سازمان،ئەو ئەخلاق و هەڵوێستی بەرپرسانەی ڕێبەری سازمان دیاردەو جیاوازێەکی دیکەی بە کەڵکو پۆزۆتیون و لە جێگەی خۆیدایە بە گرینگی و بە خاڵی بنەڕەتی لە ڕەوتی کاری تەشکیلاتی لە سازمانی خەبات سەیر بکرێن. ئێستا کە سازمانی خەبات پێ ناوەتە چل و یەکەمین ساڵی دامەزرانی و هەروەها بڕیارە لە مانگەکانی داهاتوو کۆنگرەی حەوت ببەستێ، لە سەر تێکۆشەرانی ڕیزەکانی سازمانی خەباتە تا بە تێکۆشانی زیاتر و بە بڕیاری پەسندو لێبڕاوانە لە گەشەسەندنی زیاتری سازمان و میکانیزمەکانی تەشکیلاتی دیموکراتیک و نەتەوەیی جێ پەنجەیان دیار بێ. داهاتوو بۆ گەلی بەش مەینەتی کوردستان و تێکڕای خەڵکی ئێران بە دوای ڕوخانی حکومەتی ئاخوندی و دامەزرانی خکومەتی دیموکڕاتیک گەشاوە دەبێ وسازمانی خەبات هەر وەک چۆن لە ماوەی شۆڕشی حەقخوازانە بە دڵسۆزی تێکۆشانی بەردەوام کردوە لە داهاتوشدا بۆ بە دامەزراوە کردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کوردستان و دامەزراوی لە کوردستان بەردەوام دەبێ لە کارو فەعالیەت.

شەهیدان مامۆستای وانەی خۆڕگری و فیداکاری و کۆڵنەدانن لە زانکۆی خەباتی مافخوازانەی نەتەوایەتی دا.

# دەورەیەکی دیکەی فێرگەی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبات کۆتایی پێهات.



دەورەیەکی سەرەتایی پێشمەرگەی تازە پەیوەست بوو بەریزەکانی سازمانی خەبات کۆتایی پێهات. ڕۆژی پێنج شەممە ریکەوتی 24ی ڕەزبەری 1399ی کۆچی خۆری، ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی و چەکدارکردنی پۆلێک پێشمەرگەی تازە پەیوەست بوو، لەژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنەکانی سیاسی نیزامی و پەروەردە و لەژێر ناوی دەورەی شەهید " نووری مورادی" بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان چەند وتەیەک لە لایەن بەڕێز کاک کامیل نورانیفەرد، ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات ی کوردستان پێشکەش کرا، کە تێیدا باسی لە ئەرکی گرینگی تێکۆشان لەپێناو گەل و ژیانی پێشمەرگایەتی کرد و هاوکات لەسەر دۆخی هەستیاری ناوچەکە و بەتایبەتی دۆخی رژیمی ئێران و جوڵانەوەی گەلەکەمانی کرد و بە پێی لێکدانەوەکان دوورەدیمەنی خەباتی گەلەکەمانی بە گەشبینیەوە لێکدایەوە و ئەرکی هەنووکەیی هێزی پێشمەرگەی وەبیر هێنایەوە. لەدوای ووتەکانی کاک کامیل نورانی فەرد ، لەلایەن یەکێک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە پەیامی سپاس و پێزانین لە مامۆستایانی فێرگە خوێندرایەوە و لە پاشان دا چەکی شەرەف و کەرامەت لەلایەن مامۆستا و بەرپرسانی دەورەکە پێشکەش بە پێشمەرگە تازە پەیوەست بووەکان بەریزەکانی سازمانی خەبات کرا.











## سوتاندنی ئاڵای کوردستان ، و بنکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداد مەحکوم دەکەین .



بە پێی هەواڵ و ڕاپۆرتە میدیاییەکان, ئەمرۆ شەممە ڕێکەوتی 26 ی ڕەزبەر, میلیشیا بەکرێگیراوە عێراقیەکانی سەر بە ڕژیمی ئاخوندی ئێران, هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداد, کە بە داخەوە ئاڵای کوردستان و بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانیان سووتاندووە. سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە هێماو درووشمی نەتەوایەتی گەلی کوردە و نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژووی خەباتی ئازادیخوازی و گەیشتن بە پلەی ڕزگاری و داماڵینی زنجیری ژێردەستی لە گەردنی خۆی, تا گەیشتۆتە ئەمرۆ, دەریایەک خوێنی باشترین ڕۆڵەکانی لە پێناودا ڕشتووە و زۆر کارەساتی دڵتەزێنی بینیوە و ڕەنج و ماڵوێرانی بێ ئەژماری تێچووە. ئاشکرایە سووتاندنی ئاڵای نەتەوەێک کە بە پێی قانون لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق دا کە مافەکانی و ئاڵاکەی پەسندکراوەو بە ڕەسمی ناسراون, کردەوەێکی قێزەونی شۆڤێنیستیانەیە کە تەواو ناقانوونی و لە پێناو ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق و ناوچەکەدایە و لە سەر حکومەتی عێراق پێویستە بە کردەوە ڕێگە لە بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئاحوندی بگرێ و ئەنجام دەرانی ئەم جۆرە کردەوانە ئاشکراو دادگایی بکاو بە سزای تاوا لە هەمان کاتیش دا بە ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی هەموو لایەکی دەزانین کە بۆ بەرپەرچ دانەوە و ڕیسواکردنی ئەم جۆرە کردەوە نەشیاو و ترۆریستیانە, یەک دەنگ و یەکگرتوو هەڵوێست بگرین و نەهێڵین نەویستانی گەل و داگیرکەرانی نیشتمانمان لە ڕێگەی بەکرێگیراوانیانەوە, هەروا بە سووک و ئاسان بە ئامانجە نگریسەکانیان بگەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران, کردەوەی نامرۆڤانەی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئێران و داگیرکەرانی کوردستان و دژایەتی بەردەوامیان لەگەڵ گەلی کورد مەحکوم دەکات و داوا لە تێکڕای چین و توێژەکانی کوردەواری دەکا کە یەکگرتوانە بەدژی ئەم جۆرە کردەوانەدا بچینەوە ولە هەمان کاتیش دا داوا لە ناوەندە جیهانیەکان و وولاتانی خاوەن هێزی جیهان و هێزی هاوپەیمانان دەکەین ، ڕێگە بگرن لە هێرشە بەردەوامەکانی ڕژیمی ئێران بۆ سەر هێزەکانی کوردستانی و ئێرانیەکان و وپەیمانان لە ناوچرکردا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

26 ی ڕەزبەری 1399

## ئاشکرابوونی گەورەترین کاناڵی مامەلەی قاچاغی داو و دەرمانسەربە ئێران لە عێراق.



دەزگای زانیاری سوپای عێراق لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێت کە هێزەکانی ئەم دەزگایە لە پارێزگای دیالە توانیویانە گەورەترین کردەوەی قاچاخی دەرمان لە ئێرانەوە بۆ عێراق ئاشکرا بکەنە و دەستی بەسەردا بگرن لە ڕاگەیاندراوەکەی دەزگای زانیاری سوپای عێراق دا هاتووە: کە باری قاچاخی ١٩ کانتینێر و سەد هەزار جۆر دەرمان کە بە بڕی نرخەکەی سەد هەزار دۆلار دەبێت، لە ڕێگەی نەسیمیە لە خانەقین لە پارێزگای دیالەوە هێنراوەتەوە ناو خاکی عێراق. شایانی باسە ناردنی کەل و پەلی قاچاگ و مەوادی ماوە بەسەرچوو لە ئێرانەوە بۆ عێراق بتە دیاردەیکی رووتینی و لەم بوارەدا گروپ ا تاقمە قاچاغچیە پانوانخواز و بی دەربەستەکان بە تەندروستی خەلک و باری ئابووری وڵاتەکە لە پیناو بەرژەوەندیە مادییەکانی خۆیاندا لە هیچ کردەوەیکی نامرۆڤانە ناسڵەمنەوە و گوی بە هیچ یاسا و ڕێسانیکی گشتی نادەن.

# ئەندامێکی لاو ، سەرکردەیەکی شیاو!

نووسینی: ماردین زاهیدی









لاویەتی بە قۆناغی دەرکردنی بڕیارە بە پەلەو کاتی æ هەستیاریەکان لە ژیانی مرۆڤـــــــدا دەناســـــــــرێت .... مرۆڤ بە غرور و بڕیارگەلێک کە هەندێک جار پەشیمانی لە دوادا دێت بەهۆی بێ ئەزمونیەکەی , بەڵام هێندێک جار کەسانێکی جیاواز دەردەکەون کە لە تافی لاوی دا باشترین و پەسەندترین بڕیاری تەمەنیان دەدەن, بڕیارێک کە ئەبێت بە چرای ڕووناکی ڕێگەی خۆی و هەزاران مرۆڤی درێژەدەری ڕێگاکەیان , کە هەتا هەتایە یادیان و ناویان لە دڵماندا زیندوو دەمێنێت و ئەبێت بە بەڵگەیەک و وەرچەرخانێک لە مێژووی پڕ لە شانازی ڕێگای خەبات و تێکۆشان . یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە لە تەمەنی لاوی و هەتا دوایین هەناسەی لە ڕێگەی خەبات و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد و کوردستان بەردەوام بوو, کەسایەتیەکی بەنرخ بە ناوی ماموستا سەیید جەلالی حوسەینی, کە لە تەمەنی 18 ساڵیدا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک و هەر لەو کاتەوە سەرەتای وەرچەرخانێک و هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەو خواست و ویستانەی کە بەهۆی هەستی نەتەوەیی کە لە ڕیشەداو بەهۆی بابی ڕەحمەتی ببوە خولیای هۆکارێک, بۆ بەردەوام بون لە ژیانێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان, کە بە باشترین شێوە درێژەی بە ڕێگەی پڕ لە شانازی خەبات و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەی دا. ئەمرۆ ٢٦ ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژێکافە کە یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ۱۹۴۲ز لە مەهاباد پێکهات و لە ساڵی ۱۹۴۵ کۆتایی پێهات. لەگەڵ ئەوەش دا کە ماموستا بە کۆتایی کۆمەڵەی ژ-ک ئەندامەتییەکەی هەڵوەشایەوە بەڵام ئەو قۆناغە بووە دەسپێکی بیچم گرتنی کەسایەتی شۆڕشگێڕانەی جەنابی ماموستاو ئەو هەست و گڕ و تینەی لە کۆمەڵەی ژ_ک بۆی دروست بوو لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی سیاسی ڕەنگدانەوەی هەبوو. ئەوە کۆتایی ژیانی سیاسی ماموستا نەبوو, بەڵکوو بوو بە دەست پێکردنی ژیانێکی جیاواز و پڕ لە شانازی لە ڕێگای خەڵک و نیشتمان دا درێژەی کار و چالاکی لە جوڵانەوەکانی ساڵەکانی 46 و 47 و لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و دەفتەری ماموستا شێخ عێزەدین, لە درێژەی ئەو ڕێگەیە دا لە 5 ی خەرمانانی 1359 ی کۆچی خۆری بە هاوکاری هێندێک لە ماموستایانی ئایینی دژ بە ڕژیمی دیکتاتور و خوێنرێژی خومەینی, سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی پێکهێنا و بوو بە ڕێبەرێکی شیاو بۆ گەل و نیشتمان کە هەتا ئەمرۆ نزیک بە چل ساڵە بەردەوام و سەرفەراز لە سەنگەری خەباتدایە. ماموستا سەید جەلالی حوسەینی ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو کە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بە هەموو دارایی و کوڕی گەورەی شەهید عەبدولکەریم , فەرماندەی لێهاتووی پێشکەش بە ڕێگای ئازادی کرد. ماموستا هەموو ژیانی خۆی فیدای ڕێگای دیموکراسی و ئازادی گەلەکەی کرد و لە تەمەنی 83 ساڵی دا بە دوای 65 ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ساڵی 2010 گیانی پاکی سپارد و بۆ هەمیشە بوو بە سەرمەشقێک بۆ لاوانی ئەمرۆ و درێژەدەرانی ڕێگاکەی , ڕێگایەک پڕ لە شانازی کە هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز ئاواتی بوونی لەو ڕێگەیەدا هەیەو لاوانی ئازادیخواز ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دێنە ناو ڕێبازەکەی و درێژە بە ڕێبازەکەی دەدەن. یاد وناویان بەبەرزی دەمێنێتەوە.

# یادی پیری سەنگەر حاجی برایم فیرۆزی.

نووسینی: کەریم فەیزیان





زوڵم و زۆر, ستەم و بێدادی لە ڕادەبەدەری ڕژێمە داگیرکەر و خۆسەپێنە یەک لە دوایەکەکان بە سەر کوردستاندا, وایکردووە خەڵکی کورد لە هەموو تەمەنە جیاوازەکان, ژن و پیاو, لاوان و بەتەمەنەکان, وەک یەک لە شۆڕشی پیرۆزدا کە بۆ ڕزگاربوونی وڵات لە داگیرکاری و ئازادی گەلەکەیان لە ژێردەستی هاتوونەتە مەیدان, زۆریان شەهید بوون یان تا کۆتایی تەمەنیان لە خزمەت بە نەتەوەکەیان بەردەوام بوون, یەک لەو هەزاران کەسەی کە هەموو ژیانی خۆی بۆ شۆڕش و خزمەت بە گەلەکەی لە ریزی تێکۆشەرانی سازمانی خەباتدا تەرخان کرد, خوالێخۆشبوو حاجی برایم بوو کە ئەمرۆ بۆ پێزانین بە ڕەنج و تێکۆشانی پیری سەنگەر حاجی برایم فیروزی کە ناسراو بوو بە حاجی بلە پیرۆز یان (حاجی برایمی قاوەچی) یادی ئەکەینەوە و وەک وەفایەک ڕێز دەگرین لەم تێکۆشەرە قارەمانە کە تا ئەو کاتەی هێز لە لەش و تروسکایی لە چاوەکانیدا بوو, لە خزمەت کردن بە شۆڕش لە ریزی پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەباتدا ، بۆ دەستەبەرکردنیژیانێکی سەردەمیانە بۆ گەلەکەی ، لە بەرخۆدان هەدای نەدا.

درووود و سڵاو ئەنێرین بۆ ڕۆحی پاکی ئەم کەڵە پیاوە کە لە بە تەمەنترین پێشمەرگەکان بوو لە سەفی سازمانی خەباتدا . حاجی برایم خەڵکی شاری بانە لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی ئەم شارە قارەمانپەروەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێنا ، وەک خۆی بۆی دەگێڕاینەوە ژیانێکی پڕ مەینەت و دژواری تێپەڕاندبوو لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەویدا ، چەند جارێک لە لایەن ئەو ڕژێمە خوێنڕێژەوە تووشی گیران و ئەزیەت و ئازاردان هاتبوو.

هەر بۆیە بە ناچاری ئەویش ڕووی لە دەربەدەری کرد و پێوەندی بە خولە پیرۆزی قارەمانو دژی ڕژێمی شاوەدەگرێ .حاجی برایم دوای ئەوەی خولە پیرۆزە و جەماعەتەکەی توشی شکست دەبن, بۆ ماوەیەک دەچێتە گوندی تەگەران لە شاربازێر ناوچەی قەڵاچوالان, بە هۆی ئەوەوە کە ژیانێکی کولەمەرگی ڕادەبرد و نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ شاری بانە بە ناچار بە یارمەتی دۆستێکی خۆی دەچێتە لای قادرخانی ئارمردە لە ناوچەی بانە, ماوەیەکی زۆر لە لای قادرخان دەمێنێتەوە و ، دواتر بەر لێبوردنی ڕژێمی شا دەکەوێ. حاجی دەگەڕێتەوە بۆ شاری بانە و خۆی بە کاری چاییخانەوە سەرقاڵ دەکات, حاجی برایم ئەو پیاوە بوو کە ببوە خۆشەویستی خەڵکی شار و گوند, دایم چاخانەکەی جمەی دەهات لە مشتەری, لە مانگی رەمەزاندا پیر و جوانی شاری بانە لای حاجی کۆدەبوونەوە و تا شەوێکی درەنگ پاشاوەزیرێنەو کایەی جۆراوجۆریان دەکرد و ، شەوەکەیان بە خۆشی لە دوورییەک دەبردەسەر. خەڵکی شارەکە نەگات شاریان چۆڵ کرد و پاشەکشەیان کرد بۆ گوندەکانی دەوروبەری شار. دوای ئەوەی پێشمەرگە لە شار هاتنەدەروەوە حاجی گوازرایەوە بۆ بارەگای سەرەکی دەفتەری مامۆستا کە ئەو کاتە لەناوچەی بلەکێ لە بناری سوورکێو لە نزیک گوندی کانی مامر جێگیر کرابوو. ئەم شوێنە بە ناوی مقەری کانیمامر ناودەبرا و دواتر کە سازمانی خەبات ڕاگەیێندرا ناوەکەی گۆڕا بۆ قەڵای خەبات, بە تێپەڕبوونی زەمان ئەم شوێنە چەندین بنکە و بارەگای تێدا دروست کرا . دوای ساڵێک مانەوە لە قەڵای خەبات خانوویەکی زۆر گەورە بە پانتاییەکی بەرین بە هاوکاری هێزی بەرگری, پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە دروست کرا, لەم شوێنە وەک مزگەوت بۆ جەماعەت و لە هەمانکاتدا کەڵکی لێ وەردرگیرا بۆ کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بەرین, ئەرکی پێشوازی و ڕێکخستنی بارەگاکە لە ئەستۆی شەهید کاک خالید سەقزی و حاجی برایمدا بوو, ماوەی سێ بۆ چوار ساڵ کە سازمانی خەبات بارەگاکانی لەم ناوچەیە بوو, حاجی کۆڵەکەی قایمی ئەم بارەگایانە بوو, لە ماوەی مانەوەمان لە قەڵای خەبات کە من خۆم ماوەیەک لێی مامەوە بیرەوەری زۆر خۆشم لە گەڵ حاجی برایم دا هەیە, ئەوکات من تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو ، برایەکی پێشمەرگە کە بە تەمەن لە من بچووکتر بوو لە حاجی پرسی ، تەمەنت چەندە، حاجی لە ولام دا وتی: سێ جار سی ساڵ.

تەمەنی حاجی زۆر بوو بەڵام نازانم ئەوەی گوتی بەراستی بوو یان شۆخی کرد. لە سەر بانی مزگەوتەکە جەماعەت کۆببوونەوە کە زۆربەیان گەنج بوون و بە هیوا بوون چەند فیشەکێک بە نیشانەوە بنێن, نیشانەێکیان بەوبەر مەقەرەکەوە داکردبوو, حاجی کە هەم شۆخی باز بوو و هەم دنیادیدە, هاواری کرد: ئاگات لە خۆت بێ نەکەوی بە پشتا, جەماعەت دایانە پڕمەی پێکەنین ، یەک لە جەماعەتەکە وتی: بۆ حاجی تۆپ ئەتەقێنین؟ حاجی گوتی: بۆ تازەکار وەک تۆپ وایە. ئەوەی حاجی گوتی قسەکەی زوو هاتە دی. ئەوەڵ کەس کە فیشەکی یەکەمی گرتە نیشانەکە, بە پشتا کەوت, حاجی گوتی هەی عاقڵ, پێم نەوتی ئاگات لە پشتەوە بێ, لە سەرەتاوە زۆربەمان چەکی (پەرەشوتمان) درایە کە هەر وەک برنۆ بوو, بەڵام چەخماخەکەی خوار بوو هەر فیشەکی برنۆی دەخوارد, زۆر بە تەکان بوو, زۆر جاریش کوێرەی دەکرد و دەرنەدەچو, ئەگەر بمانەوێ بەسەرهات و قسەخۆشەکانی مەرحوومی حاجی برایم باس بکەین و بینوسینەوە وەختی دەوێ و دورودرێژە, ئەمە قەترەیەکە لە دەریای تێکۆشان و قسە خۆشەکانی حاجی. . لە قەڵای خەبات هەموو حەوتویەک و لە ڕۆژانی هەینی حەیوانیان سەردەبری و هەرکەسەو بەشە گۆشتی خۆی دەدرایە, هەر کەسەو چۆنی پێخۆشبایە وای دەخوارد, حاجی پێچەوانەی جەماعەت بەشە گۆشتە کۆنەکەی دەخوارد و تازەکەی هەڵدەگرت, ئەوە چ ڕازێکی تێدا بوو من نەمزانی. بەو تەمەنەوە کەم وابوو نەخۆش کەوێ. جارێکیان لە سەر کانی لای مزگەوتەکە ریشی ئەتاشی, بە ئاوی سارد و تۆزێک سابوون, بە بێ فلچەی ریشتاشین, گۆپی چرچ و لۆچێکی زۆر تێ کەوتبوو دەموو چاوی داپۆشیبوو, زوو زوو فوی دەکردە گوپی و زمانی دەتگوت مارە لە دەمیدا دەهات و دەچوو, پرسیم حاجی ئەوە چییە؟ بۆ زمانت ئاوا دێت و دەچێ؟ جارێکیان لە سەر کانی لای مزگەوتەکە ریشی ئەتاشی, بە ئاوی سارد و تۆزێک سابوون, بە بێ فلچەی ریشتاشین, گۆپی چرچ و لۆچێکی زۆر تێ کەوتبوو دەموو چاوی داپۆشیبوو, زوو زوو فوی دەکردە گوپی و زمانی دەتگوت مارە لە دەمیدا دەهات و دەچوو, پرسیم حاجی ئەوە چییە؟ بۆ زمانت ئاوا دێت و دەچێ؟ جارێکیان لە سەر کانی لای مزگەوتەکە ریشی ئەتاشی, بە ئاوی سارد و تۆزێک سابوون, بە بێ فلچەی ریشتاشین, گۆپی چرچ و لۆچێکی زۆر تێ کەوتبوو دەموو چاوی داپۆشیبوو, زوو زوو فوی دەکردە گوپی و زمانی دەتگوت مارە لە دەمیدا دەهات و دەچوو, پرسیم حاجی ئەوە چییە؟ بۆ زمانت ئاوا دێت و دەچێ؟ لە جوابدا گوتی: با تەمەنت بێتە سەر ئەو کات دەزانی, لە بەر ئەوە کە تیخی ریشتاشینەکە ئەو چاڵ و چۆڵ و قوپاوییەی نەدەگرتەوە, بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەش بگرێتەوە فەقیرە ئاوا بە نارەحەت ریشی پێ دەتاشرا, لە سەر ئەو هەموو زەحمەتەوە, هەموو ڕۆژێک حاجی خۆی جوان دەکرد و ریشی دەتاشی. بەسەرهاتی خوالێخۆشبوو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا ئەوەندە زۆرن کە گێرانەوەیان کۆتایی نایا, لە شەوانی دوور و درێژی پاییزاندا حاجی دەلاقەی دڵی بۆ دەکردینەوە و باس و بەسەرهاتی تاڵ و شیرینی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە ئێمەش زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێمان بۆ وتەکانی دەگرت. حاجی ئەرکی پێشمەرگایەتی لە بارەگا سەرەکییەکانی سازماندا پێ دەسپێردرا, وەک, قەڵای خەبات, سەرکردایەتی لە میراوا, ماوەت, چوارتا, رانیە, شەیبانێ, بەکرەجۆ و سلێمانی. ئەوەی پێشمەرگایەتی سازمانی خەباتی کردبێ بە دڵنیاییەوە حاجی برایمی دیوە و ناسیوە. خوا لێخۆشبوو حاجی برایم لە ریزی پێشمەرگەکانی سازماندا مایەوە تا ئەو کاتەی هێزی لێ برا و چاوەکانی توانای بینینی زۆر کەم بوو , لە سەر ئیزنی سازمان چووەوە بۆ شاری بانە و دوای ماوەیەک کۆچی دوایی کرد , هەزاران درووود و سڵاو بۆ گیانی پاکی حاجی برایمی هەمیشە زیندوو .

# پەیامی پرسەو سەرەخۆشی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕێبەری ئێزیدییەکان.





بە بۆنەی کۆچی دوایی بەڕێز بابەشێخ، ڕێبەری ڕۆحی ئێزیدیەکان لە کوردستان و لە جیهان سەرەخۆشی و هاوغەمی خۆم و هاوبیاوەڕانم لە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە سەرجەم ئێزیدیان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان ڕادەگەێنم.کۆچی دوایی بابەشێخ، ڕێبەری ڕۆحی و مەعنەوی ئێزیدیان خەسارەتێکی گەورەیە، بە تایبەت کە ئێزێدیان لە چەند ساڵی ڕابردودا بە بەردەوامی لە گەڵ ستەم و بێعەداڵەتی داعش و تاقمە توندئاژۆکانی سەر بە ڕژیمی ئێران لە عێراقدا ڕوبەروو بوون و لە ئێستاشدا لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ژێر هەڕەشەدان و ژیان و داهاتوویان لە مەترسیدایە، هەروەها بۆ ئیزدیانی کورد و بە گشتی بۆ جەماوەری کورد لە هەرێمی کوردستان زیانێکی قەرەبوو نەکراوەیە.

هومێدوارم هاوبیاوەڕانی ئێزیدی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونەکانی بابەشێخ ،وە بە دیاری کردنی جێدار، لە زیانەکانی کۆچی دوایی بەڕێزیان کەم بکەنەوە.

لەگەڵ پرسەو سەرەخۆشی دووبارەم، سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی، بابەشێخ حوسەینی

01-10-2020

# هێرشی موشەکی بۆ سەر فڕۆکەخانەی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان.

شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی 9ی ڕەزبەر، کاتژمێر 8 و نیوی شەو،بە مووشەک هێرش کرایە سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری پایتەخی هەرێمی کوردستان. بەپێی زانیاری سەرچاوە ئەمنیەتیەکانی هەرێمی کوردستان، شەش موشەک بۆ فرۆکەخانەی هەولێر هاوێژراون. هاوکات وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێت: کاتژمێر 8:30 ی ئەم ئێوارەیە، شەش موشەک، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریان کردۆتە ئامانج، کە خۆشبەختانە هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە. موشەکەکان لە سنووری ( بەرتەلە) لە نێوان گوندەکانی شێخ ئەمیر و تەرجەلەی سەر بە پارێزگای موسڵ و لەسەر پیکابێک هاوێژراون. ئەم دەڤەرەش دەکەوێتە سنووری لیوای 30 حەشدی شەعبی.بەپێی ڕاگەێندراوەکەی هەرێمی کوردستان، تیمە تایبەتەکانیان خەریکی لێکولینەوەی وردن بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر.لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم بە توندترین شێوە ئەم هێرشە تیرۆریستیە ترسنۆکانەیەی ئیدانە کردوەو، لە هەمانکاتدا ڕایان گەیاندوە کە ئامادەیی تەواویان بۆ بەرپەچدانەوەی هەر دەستدرێژیەک هەیە کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان، داواش لە حکومەتی فیدراڵی دەکات کە دەست بە جێ ئیجرائاتی پێویست لەو پێوەندیەدا بکەن.



ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

TEKOSHAN

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

## توندووتیژی وشەیەکی نادیار لە دڵی جینایەت دا!

نووسینی: شایستە موحەممەدی



مێژوو و شارستانیەتی مرۆڤ لە هەورازو نشێوی هەزار ساڵەی خۆیدا بەردەوام ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووەو لە درێژەی ئەم ڕێگەیەشدا نەوێستاوەو بەردەوامەو ئەمەش پرۆسەیەکە کە هیچ کات ناوەستێت.بە ڕۆژ بوون و خۆ بە ڕۆژ هێشتن و ڕوناکبیری لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە کە هەر ئەمەش خەڵک بۆ پێشکەوتن لەسەر ئەم ڕەیلە و پێویستیان بە خوگرتن بەم ئاڵوگۆڕە هان دەدات.کومەڵگەی پێشکەوتوی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە ژنان و پیاوانێک کە هەر کامیان بە شێوەیەک و لە حەدی توانایی و کارایی خۆیان لە هەوڵ و تێکۆشان دان بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم کۆمەڵگایە. هیوا و ئاواتەکانی کۆمەڵگا بۆ هەر کەسێک ئەتوانێ مانای تایبەت بە خۆی هەبێ و هەر کەسیش بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی دەتوانێ بە پێی توانای خۆی لەم پێشکەوتنەدا ڕۆڵێکی کاریگەری بێت. بەڵام لە ڕابردوو تا ئێستە بەردەوام بە پێی زاڵبوونی زۆرداران لە کۆمەڵگا، زۆربەی کات و لە هەموو بوارێک ژنان لە ژێر سەرکوتوو گوشاری پیاوان بوونە و زۆر کەم ئیجازەی سەرکەوتنیان پێ دراوە.بە پێی هێندێک بیرکردنەوەی هەڵەو کۆن و بە هەڵە بیرکردنەوەی هێندێک لە پیاوان لەم بەهانانە بۆتە هۆی ئەوە کە لەگەڵ ژنان بە شێوەیەکی نەگونجاو هەڵسوکەوت بکرێ، تەنانەت وەکو موڵک و ماڵی پیاوان دابنرێ.بەڵام لە کۆمەڵگای پێشکەوتوی ئەمڕۆیی و بە ڕوناکبیری کۆمەڵگا، تەواوی ئەم بیرەوەریە بێ مانا و پوچانە لە مێشکی زۆر کەس دا کۆتایی پێ هاتووە و جێگەی خۆی بە ڕاستیەکان داوە کە ژنانیش وەکو پیاوان و تەنانەت بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی زۆرتریش لە پیاوان ئەبێ مافیان پێبدرێ. ئەمە ئەتوانێ ڕاستیەکی تاڵ بێ بۆ ئەوانەی کە بە دڵنیاییەوە بیرکردنەوەیان لە هەزارەی یەکەم دا جێ ماوە.

یەکێک لە گرینگترین هۆی ڕەفتارەکانی دژی ژنان، شێوازی پەروەردە لە نێو بنەماڵەکانە کە ئەتوانێ زۆر کاریگەر بێت لە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و کۆمەڵگا. توندوتیژی و شەڕو ئاژاوە یا خود سوک کردن و هەڵسوکەوتی بێ ڕێزانە لەگەڵ ژن، لە پێش چاوی منداڵان ئەتوانێ کاریگەری خراپی بێت لە داهاتویانا و ببێتە هۆی ڕێگە ئاسانکردن بۆ زۆر جینایەتی گەورەتر لە داهاتودا و بە پێچەوانەی ئەوەش هەرچیەک کە بیر کردنەوەی بنەماڵەیەک بەرۆژ بێت دەتوانێت جوانترین شێوازی هەڵسوکەوت دارێژێت.ڕۆڵی سەرەکی پەروەردە لە بنەمای خانەوادەدا دروست دەبێ، ئەو شێوازەی کە باوک چۆن لەگەڵ خێزانی هەڵسوکەوت ئەکات یان خودی دایک چۆن فێری کوڕەکەی ئەکا کە بە چ شێوازێک لەگەڵ ئافرەتان هەڵسوکەوت یان فێری کچەکەی بکات کە مافی خۆی بناسێت و ڕێز بۆ خۆی دانێ، ئەم شتانە ئەتوانێ چاکترین کاریگەری بێت لەسەر داهاتوی منداڵەکان و تەنانەت کۆمەڵگاش.

کۆمەڵگاش وەکو بنەماڵە وایە بە هەر ڕادەیەک کە ماف و یاساکان وەکو یەک بۆ هەموو کەسێک ڕەعایەت بکرێ بەو ڕەوتەیش ئەمنیەت و ئاشتی لەو کۆمەڵگایە بەرقەرار ئەبێت.

جینایەت گەلێک وەکو توندوتیژی دژی ژنان و خراپ هەڵسوکەوت کردن لە نێو کۆمەڵگای دواکەوتوو و دیکتاتۆری بەهۆی یاسای پیاو سالاری و غەیرە ئوسولی، بە ڕادەیەک زیاد بووە کە بە ڕوونی خوو گرتن و ئاسایی بوونیان لە نێو ژیانی ئاسایی ئەبیندرێ. ڕێکخراوەکانی پشتیوانی لە مافی ژنان دەیان ساڵە کە بە چالاکیەکانیان بوونەتە هۆی ڕۆشنبیری و ئاگایی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی بەڵام بە داخەوە بیرکردنەوەیەکی مەنتقی کە بتوانێ ڕۆڵی بەرچاوی ئافرەتان و ڕۆڵی سەرەکی بەڕێوەبردنی حکومەت ڕوونکاتەوە لە نێو حکومەتە دیکتاتۆریەکان بوونی نیەو هیچ هومێدێک بە دروست بوونی ئەم بیرکردنەوە کۆنانە نیە.

ئاشکرایە ئەمە بەم مانایە نیە کە ئەم چالاکیانە ئەبێ ڕاوەستێ بەڵکوو ئەمە نیشاندەری ڕاستیەکە کە ژنان ئەبێ لەم ڕێگایە هەنگاوەکانیان پتەوتر بکەن و تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ گۆڕینی ڕیشەی ئەم بیرکردنەوە هەڵانە بدەن و قەت کوڵ نەدەن لە ستاندی مافی خۆیان و بە دونیا بیسەلمێنن کە ژنانیش مافی بەرابەری وەک پیاوانیان هەیە، ئەبێ وەکو مروڤێک چاویان لێ بکرێ، ئەبێ ئەم یاسا دواکەوتوانە کۆتایی پێبێ و ڕوانگەی خەڵک بگۆڕێ و مافی ژن لە هەموو بوارەکاندا بە تەواوی لەبەرچاو بگیرێ.

## عەرەبستان خوازیاری ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستی جددی لە بەرانبەر ئێران دا بگرێ.



سەلمان بن عەبدولعەزیز پاشای عەرەبستانی سعودی، ڕۆژی چوارشەممە 21ی خەزەڵوەر، داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە لەبەرانبەر هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی موشەکی و ناوکەیی، هەڵوێستی جددی بگرن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، عەبدولعەزیز لەکاتی قسەکردن لە سەرەتای کاری مەجلیسی ڕاوێژکاری، ووتی: عەرەبستان لەسەر مەترسیە ناوچەییەکانی ڕژیمی ئێران، واتە دەستێوەردانی ئەم ڕژیمە لە دۆخی وڵاتانی دیکە، پەرەپێدانی ترۆریزم و دەستەبەندی پێداگری دەکاتەوە. پاشای عەرەبستان لەدرێژەدا ووتی: ڕیاز، خوازیاری هەڵوێستی جددی کۆمەڵەی جیهانیە تا پێش بە دەستپێڕاگەیشتنی ڕژیمی ئێران بە چەکی کۆمەڵکوژی وپەرەپێدانی بەرنامەی موشەکی بگرن، و هەوڵەکانی ڕژیمی ئێرانی وەکوو هەڕەشەیێک بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان لەقەڵەم دا. ئەمە دوهەمین وتاری گشتی مەلیک سەلمان لە ماوەی یەک مانگ و نیوی کۆتاییە، ولە وتاری پێشووی دا لە ڕێکەوتی 2ی ڕەزبەر، داوای ڕێگایێک بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری لەبارەی ڕژیمی ئێران بو. ڕژیمی ئێران تا ئێستا لەبارەی ئەم وتارەی بن سەلمان هەڵوێستێکی نەبووە و تەنیا نوێنەری ڕژیم لە کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان، وتەکانی بن سەلمانی بە دژایەتی ناوبرد و پاشای عەرەبستانی تاوانبارکرد کە تاوانی بێ بنەمای خستۆتە سەر ڕژیمی ئێران.

## ئەمریکا 27ماڵپەری سپای پاسدارانی ڕاگرت.

وەزارەتی دادوەری ئەمریکا، سەرلەبەیانی ئەمرۆ پێنج شەممە 15ی خەزەڵوەر، ڕایگەیاند: 27ماڵپەری سپای پاسداران کە بەشێوەی نهێنی بۆ کاریگەری لەسەر هەڵمەتی نێونەتەوەیی کەڵکی لێ وەردەگیرا، ڕاگیراوە. جان دمرز، جێگری دادوەری دۆخی ئەمنیەتی نەتەوەیی وتی: تا کاتێک کە دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئێران بەدوای ئاژاوەگێڕی لەجیهان لە ڕێگای پشتیوانی کردن لە تیرۆریزمو بەدیل گرتنەوە بێ، ئێمەیش لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەمارۆکان و کردەوەی یاسایی لەدژی ڕژیمی ئێران بەردەوامین.



THE UNITED STATES DEPARTMENT of JUSTICE

ABOUT | OUR AGENCY | PRIORITIES | NEWS | RESOURCE

Home » Office of Public Affairs » News

JUSTICE NEWS

Department of Justice
Office of Public Affairs

FOR IMMEDIATE RELEASE — Wednesday, November 4, 2020

United States Seizes 27 Additional Domain Names Used by Iran's Islamic Revolutionary Guard Corps to Further a Global, Covert Influence Campaign

Action Follows Last Month's Seizure of 92 IRGC Domains

## ئیسراییل، کەسی دووەمی ئەلقاعیدەی لە تاران کوشت.




نیۆیۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا لەزاری چوار سەرچاوەی ئاگادار نوسی: هێزە ئەمنیەکانی ئیسراییل ڕۆژی 17ی گەلاوێژ، لەسەر داوای ئەمریکا، ئەبی محەممەد المیسری" کەسی ژمارە دووی ئەلقاعیدەیان لەگەڵ کچەکەی لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری تاران کوشتووە. المیسری لە دامەزرێنەرانی ئەلقاعیدەیە و دارێژەری پیلانی هێرشی سەر سەفارەتەکانی ئەمریکا لە ئەفریقا ساڵی 1988 بووە. ڕاپۆرتی نیویۆرک تایمز لە بارەی کوژرانی کەسی دوهەمی ئەلقاعیدە لەگەڵ کچەکەی لەکاتێکدا بڵاو بۆوە کە شەوی هەینی 17ی گەلاوێژ، سەرچاوە ئەمنیەکان لەتاران باسیان لەکوژرانی باوک و کچێکی لوبنانی بە تەقەی فیشەک لەلایەن چەند کەسی نەناسراو و لەسەر ماتۆڕ لەنزیکی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی ئەبو مەهدی موهەندیس کردووە.

## تەقینەوەی تانکەرێکی هەڵگری بەنزین لەنێوان جادەی مەریوان بۆ سنە.



فەرمانداری سەوڵاوا لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵی تەقینەوەی تانکەری هەڵگری بەنزین لە ڕێگای مەریوان بۆ سنە ووتی: شۆفێری تانکەرەکە کوژراوە و چەند کەسی دیکەش لە سەرنشینی ماشینەکانی دیکە بریندار بوون.

بە پێی وتەی ناوبراو، ئەو تانکەرە هەڵگری بەنزینە کە لە سنە بۆ مەریوان لە ڕێگادا بووە، شەوی هەینی 23ی خەزەڵوەر، لە کیلۆ مەتری 15ی گەردەنەی نیاباد، لەگەڵ ماشینی ڕانا و پژۆی 405توشی ڕووداوی هاتوچوو بون، و لەو ڕووداوەدا تانکەری بەنزین ئاگر دەگرێت و دواتر دەتەقێتەوە. یوسف باشی لە درێژەدا وتی کە شۆفێری تانکەری بارهەڵگری بەنزین، بەهۆی تەقینەوە گیانی سپاردووە و سەرنشینی ماشینەکانی دیکە بریندداربون و گوازراونەوە بۆ نەخۆشخانەی چەمران لە سەوڵاوا. ناوبراو هەروەها وتی کە لێکۆڵینەوە بۆ هۆکاری ئەم ڕووداوە دەکرێ. هاتوچووی ئەم تانکەرانە لەماوەی چەندین ساڵ دا بونەتە هۆی ڕوودانی هاتوو چۆ و دەنگی نارەزایەتی هاوڵاتیانی شاری مەریوانی بەرزکردۆتەوە. ڕێگای مەریوان بۆ سنە ڕێگایێکی ئەستەمە و شۆفێرەکان بەم ڕێگایە شارەزا نین و ڕووداوی هاتوچووی زۆری تێدا ڕوودەدات.